PAY INSTITUTE
For Education & Development

NED
National Endowment
for Democracy




# چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

## خولی چوارەمی پەرلەمان - خولی گرێدانی ساڵی چوارەم
## ( ١ ی ئەیلولی ٢٠١٦ تا ٢٨ ی شوباتی ٢٠١٧
## راپۆرتی حەوتەم

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی

NED

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

PAY

# ستافی کاری پڕۆژە

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پرۆژە:

**بابان جەعفەر حەمە**

ڕێکخەری پرۆژە:

**دڵپاك زرار ئەسعەد**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

ژمێریاری پرۆژە:

**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**

لیژنەی هەماهەنگی و بەدواداچوون:

**م. ساکار عەزیز رەشید**

**م. محەمەد کەریم ئەحمەد**

**هونەر ئەحمەد حسین**

# ڕا پۆرتی
# چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پــەرلەمانــی کـــوردستان

خولی چوارەمی پەرلەمان- خولی گرێدانی ساڵی چوارەم

(١ ی ئەیلولی ٢٠١٦ تا ٢٨ ی شوباتی ٢٠١٧)

## ڕاپۆرتی حەوتەم

*- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) ڕێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە.

*- پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی پێ کردووە. ئێستاش بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکات.




ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم – باڵەخانەی لوارا – نزیك پردی خەسرەو خاڵ

تەلەفۆن: 07701564576 – 07701465733- 0533196798

ئیمەیڵ: payinstitute@gmail.com- sarwary74@yahoo.com -

فەیسبوك: facebook.com/pay-institute

ماڵپەر: www.payied.org

مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٧

ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکاندا وەرگرتووە

PAY INSTITUTE
For Education & Development

## ناوەرۆك


پێشەكی ........................................ ٥

هەڵسەنگاندنێكی ڕەوشی پەرلەمان لە ماوەی خولی پایزەدا ........................................ ٧

لیژنەكانی پەرلەمانی كوردستان ........................................ ٨

خشتەی (١) پوختەی كاری پەرلەمان لە ماوەی خولی پایزەدا........................................ ٩

تێبینیەكان لەسەر خولی پایزەدا ........................................ ١٠

ئەو دەستانەی پەیوەستن بە پەرلەمانەوە ........................................ ١٢

یەكەم: دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان ........................................ ١٢

دووەم: دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان- عێراق ........................................ ١٦

سێیەم: دەستەی گشتی لە هەرێمی كوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناكۆكیان لەسەرە ........................................ ١٨

چوارەم: دەستەی گشتی دەسپاكیی هەرێمی كوردستان – عێراق ........................................ ١٩

پێنجەم: كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ........................................ ٢٢

شەشەم: یاسای مافی دەسكەوتنی زانیاری لە هەرێمی كوردستان – عێراق ........................................ ٢٤

هەرێمی كوردستان: دورگەیەكی دیموكراسی ... ساڵ و نیوێك بێ پەرلەمان ........................................ ٢٧

ئەنجام ........................................ ٣٣

ڕاسپاردەكان ........................................ ٣٥

پاشكۆ: (١) پوختەی كاری پەرلەمان لە سەرەتایی دەست بەكاربوونیەوە تا ئیستا ........................................ ٣٦

پاشكۆ: (٢) نوسراوی پەی كە ئاراستەی بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان كراوە ........................................ ٣٧

پاشكۆ: (٣) نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان كە ئاراستەی ئینستتیوتی پەی كراوە........................................ ٣٨

پاشكۆ: (٤) نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان كە ئاراستەی ئینستتیوتی پەی كراوە و نەدانی زانیاری ڕادەگەیەنن .... ٣٩

# ڕوانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان

www.payied.org

لەم وەرزەی کارکردنەدا ڕوانگەی پەی کاری کرد لەسەر ئاستی سەرجەم خولەکانی پەرلەمانی کوردستان کە ژمارەیان چوار خولە، سەرجەم (سیڤی ئەندامان و سەرۆکایەتی، یاساکان، بڕیارەکان، لیژنە کاتیەکان و هەمیشەییەکان ) دانراوە، لەسەر ئاستی خولی چوارەمیش (٢٠١٣– ٢٠١٧) (لیژنە کاتیەکان، لیژنە هەمیشەییەکان، سیڤی ئەندامان و سەرۆکایەتی، فراکسیۆنەکان، بەرنامەی کار، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ڕەشنووسی دەستوری کوردستان، دەستووری عێراق) دانرا، بۆ بەدەست هێنانی ئەم زانیاریانەی سوود لە ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمان وەرگیراوە، بەڵام کۆمەڵێك بەشی تازە زیاد کراوە کە تا ئیستا نە لەماڵپەری فەرمی پەرلەمان و نە لەهیچ ناوەندیکی تری توێژینەوە و میدیا بەو شێوەیە کاری لەسەر نەکردووە:

١. **ئامادەنەبوونی ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنەکانی پەرلەمان:** بۆ ئەم کارە خشتەیەك دروستکراوە بۆ هەر دانیشتنیك و ناوی ئامادەنەبوانی تیادا بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ هۆکاری ئامادەنەبوونی، پاشان بە پێی خولی گرێدانەکان ڕێکخراوە.

٢. **ڤیدیۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان:** ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمان و پەیجی فەرمی پەرلەمان لە یوتوب ژمارەیەکی کەم دانیشتنی لەسەر دانراوە، بەڵام ڕوانگەی پەی سەرجەم دانیشتەکانی پەرلەمانی بە ڤیدیۆ بڵاوکردۆتەوە.

٣. **هێڵکارییەکان:** ئەم بەشە کۆمەڵێك زانیاری بە گرافیك تێدایە لەسەر خولی چوار: (فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و ژمارەی دەنگەکانیان، پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەڕووی نەتەوایەتییەوە، پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەڕووی تێکرای تەمەنی ئەندامانەوە، پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی جێندەرییەوە، پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەڕووی ئاستی خوێندن و بروانامەوە، پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەڕووی ئاینیەوە، دابەش بوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی پارێزگاکان، دابەش بوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەسەر پارێزگاکان بەپێی فراکسیۆنەکان، دابەشبوونی کورسیەکانی پەرلەمان لە پارێزگاکان بە سەر حزبەکاندا).

٤. **پەیوەندیدکردن بە ئەندامی پەرلەمانەوە:** لەم بەشەدا لیستێك ئامادە کراوە بەپێی فراکسیۆنەکان، (ژمارەی تەلەفون+ ئیمەیل+ فەیسبووك ) دانراوە.

٥. **بیروڕا:** لەم بەشەدا ئەم وتارانە دانراوە کە ئەندامانی پەرلەمان و کەسانی تر لەسەر ڕەوشی پەرلەمان دەریان بڕیوە.

٦. **پەرلەمانی کوردستان لەمیدیاکاندا:** سەرجەم ئەو کارانەی لەسەر پەرلەمانی کوردستان دەکرێت لە میدیای کوردی لەم لینەکەدا دادەنرێت، لە ئیستا لەژێر کارکردندایە.

٧. **بڵاوکراوە دەربارەی کاری پەرلەمان:** ئەم بەشە سەرجەم ئەو بڵاوکراوە کوردیانە لە خۆ دەگرێت کە لەسەر کاری پەرلەمانی هەن و لە ئیستادا لەژێر کارکردندایە.

٨. **بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان:** ئەم بەشە سەرجەم بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان دادەنیت و لە ئێستادا لە ژێر کار کردندایە و ژمارەیەك بڵاوکراوەی پەرلەمان دانراوە .

پاش تەواو کردنی بەشی کوردی، کار لەسەر بەشی عەرەبی ماڵپەرەکە دەکرێت و لە داهاتووشدا کار دەکرێت بۆ زیادکردنی زمانی ئینگلیزی .

# پێشەکی

سەختی قۆناغی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێك کە برستی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڕیوە، قەیرانی دروستکراوی ئابووری لە ساڵی ٢٠١٤ وە خەڵکی هیلاك کردووەو دابینکردنی بژێویی ژیان و نەبوونی کار و لاوازی بازاڕ و گرانی شتومەك و زیادبوونی باجەکان لەلایەن حکومەتەوەو بڕین (پاشەکەوت)ی موچە قورساییەکی زیاد لەپێویستی دروستکردووە. لەلایەکی ترەوە دڕدۆنگی هێزە سیاسیەکان لەهەمبەر یەکتر داو نەگونجانیان بەیەکەوە، پەکخستنی پەرلەمان و بەدوای ئەودا شەلەلی حکومەت و دامودەزگا فەرمیەکانی و دروستبوونی بۆشایی سیاسی لە کۆمەڵێك بواردا بۆتە مایەی ئەوەی کە جەماوەر بێ ئومێد بێت لە هێزە سیاسیەکان و متمانەی بە هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراسی نەمێنێت لەم هەرێمەدا و پەکخستنی پەرلەمان و ڕێگری کردن لە سەرۆکەکەی لەلایەن گروپێك چەکدارەوە ئاماژەی مەترسیدار بێت و نیشانەی پرسیار لەلایەن کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیەوە لەسەر ئەزمونی سیاسیی هەرێمی کوردستان دابنێت.

ئاخر ناکرێت دەسەڵاتێك بانگەشەی دیموکراسی بکات و خۆی بە دورگەیەکی دیموکراسی بچوێنێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەچی ساڵ و نیوێکە حکومەتەکەی بێ پەرلەمان بێت و ئەندامانی پەرلەمانەکەی سەرگەردان بسوڕێنەوە !

لەپێناو شرۆڤە کردنی ئەم رەوشەو چاودێریکردنی پەرلەمانی کوردستان وەك دەزگایەکی یاسایی و نیشتمانی، **ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**، بەردەوامە لەسەر کاری چاودێریی کردنی خۆی، کە ئەمە حەوتەمین راپۆرتیەتی بە هاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی دەیخاتە بەر دەستتان، ئامانجی سەرەتا و کۆتایی ئەوە بووە بە دەنگ دەری کوردستان بڵێت ئەدای نوێنەرەکانیان لەپەرلەماندا چۆنە، و شەفافیەت لەئەرکی پەرلەمانی درووست بکات، بە ڕای گشتی بڵێت پایە سەرەکیەکانی کارکردن وەك ( یاسا دانان، چاودێری، پەسەندکردنی بودجە) لەو دەزگا نیشتیمانیەدا چۆن بەڕێوەدەچن. ئێمە لە **پەی** دەمانەوێت هاوکاری پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی پەرلەمان بین، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی زانیاری روون و ورد لەسەر پەرلەمان و ئەدای ئەو دەزگایە بەدەنگدەری لایەنەکان، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاری چالاك لە ناچالاك جیا بکرێتەوە و فشاریکی مەدەنیش درووست بکەین بۆ سەر ئەو پەرلەمانتارانەی کە بەئەرکی خۆیان وەك پێویست هەڵناستن. بەکورتی ئەو پرۆژەیە ئامانجیەتی پەرلەمانتار و دەنگدەر پێکەوە ببەستێتەوە و پەیوەندی نێوان رای گشتی و ئەو دەزگا نیشتیمانیە بەهێز بکات. هەرچەندە ئەندامانی پەرلەمان لە ئێستادا لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیان دەستیان بەستراوەو هیچیان پێ ناکرێت.

وێرای ئەو ئامانجەمان، کە رێکخراوێکی یاسایی رێگە پێدراوین، وە بەپێی یاسا کار پێکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان کار دەکەین، بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ی رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان رێکخراوەکەمان لە فەرمانگەی رێکخراوەکان بە ژمارە (١٤٠٦) لە (٢٠١٣/١١/٢٦) تۆمار کراوە، بەپێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ی مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان مافی ئەوەمان هەیە زانیاریمان پێ بدرێت، بەپێی بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان) لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، پەرلەمان داوامان لێدەکات هاوکاری دامودەزگا گشتیەکان بین کە پەرلەمان یەکێك لەوانەیە، بەپێی کۆمەڵێك نوسراو کە سەرۆکایەتی پەرلەمان (بە سەرۆك و جێگرەوە) رێگە پێدراوین چاودێری رەوشی پەرلەمان بکەین، بەڵام بەداخەوە بەبێ ئەوەی ئەم هەموو یاساو بڕیار و رێکەوتن و نوسراوە لەبەرچاو بگیرێت، لەسەر بڕیاری بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە رۆژی (٢٠١٧/١/٢٤) بە نوسراوی ژمارە (١٤٣/٥/٢) و لە رۆژی (٢٠١٧/٢/٢٧)شدا بە نوسراوی ژمارە (٤٥٢/٤/٤) بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوانی پەرلەمانی کوردستان ناراستەوخۆ رێگریی لە کارەکانمان دەکات و ئامادە نیە هیچ زانیاریەك بە ئینستتیوتەکەمان بدات و ئەو نوسراوەی گشتاندووە بەسەر سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بەوەی کە زانیاریمان پێنەدەن، ئەمە لەکاتێکدا ئەندامانی پەرلەمان پابەند نین بە بڕیاری کارگێڕی لەم جۆرەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی پێچەوانەی پرەنسیپە دیموکراسیەکانە کە دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە بانگەشەی بۆ دەکەن، پێچەوانەی ئەو یاساو بڕیارانەشە کە خودی پەرلەمان دەری کردوون.

ئێمە لێرەدا رایدەگەیەنین کە سەرباری ئەوەی رێگریمان لێ دەکرێت، هەروەك پێشتریش بە هۆی بڵاوکردنەوەی راپۆرتی ژمارە (٤) لەسەر پەککەستی پەرلەمان ریگریمان لێ کرا، کاری خۆمان و پرۆژەکەمان راناگرین و بە پاڵپشتی دۆستان و پەرۆشانی دیموکراسی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم و پەرلەمانتارە لێهاتووەکان درێژەی دەبێت و بەردەوامین لەسەر چاودێریی پەرلەمان و دەرخستنی خەوش و کەموکورییەکانی و دروستکردنی فشار لەسەر ئەو هێز و لایەنانەی پەکیان خستووەو ئەوانەش کە بێدەنگن لەئاست پەکخستنی و لەژێر لێوەوە هەڵوێست دەردەبڕن.

لەم پێناوەش رێکخراوەکەمان بۆ دەرخستن و ئاستی پشتگیری ئەندامانی پەرلەمان و هەڵسەنگاندنی پرۆژەکەمان راپرسیەکمان لەنێو ئەندامانی پەرلەمان کردووە کە ئاخۆ پرۆژەکە باشە یان خراپەو بەردەوام بێت یان ناو لە راپۆرتێکی جیادا تەواوی راپرسیەکەو ئەنجامەکانی دەخەینە روو.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**ئازاری ٢٠١٧**

## هەڵسەنگاندنێکی ڕەوشی پەرلەمان لە ماوەی خولی پاییزەدا

## (١ ی ئەیلولی ٢٠١٦ تا ٢٨ ی شوباتی ٢٠١٧)

کاری پەرلەمان لە سێ پایەی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتی یە لە (یاسادانان، چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پەسەند کردنی بودجە):

**یەکەم: پرۆسەی یاسادانان:**

لەبەر ئەوەی پەرلەمان پەکی خراوە، لەم خولی گرێدانەدا، نە هیچ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان کراوەو نە هیچ یاساو بڕیارێکیش پەسەند کرا.

**دووەم: چاودێری حکومەت:**

لەبەر ئەوەی پەرلەمان پەکی خراوە لەم خولی گرێدانەدا، لەپرۆسەی چاودێری کردنی حکومەتدا هیچ چالاکییەکی نەبووەو پەرلەمان نەیتونیوە بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت.

**سێیەم: پەسەندکردنی بودجە:**

لەپەسەندکردنی بودجەدا پەرلەمان هیچ رۆلێکی نەبووەو لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا ئەم خولەی پەرلەمان بودجەی هیچکام لە ساڵەکانی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧)ی پەسەند نەکردووە.

# لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە (٢٢) لیژنەی جیاجیا پێکهاتووە، کە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٣٧) باسی پێکهێنانی لیژنەکان دەکات و پەرلەمانتار بەپێی ئارەزووی خۆی و پسپۆڕییەکەی بەشداری ئەم لیژنانە دەکات. هەر لیژنەیەکیش نابێت لە (٥) ئەندام کەمتر پێکهاتبێت و لە (١١) ئەندامیش زیاتر بێت، کاری ئەم لیژنانە بەدواداچوونە بۆ پرۆژە و کارەکانی حکومەت و چوونە ناو خەڵکی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشەکانیان.

لیژنەکانی پەرلەمان لەماوەی خولی گرێدانی پایزەی (٢٠١٧) بەهۆی پەک کەوتنی پەرلەمانەوە بە ئەرکی سەرشانیان هەڵنەساون، کە پوختەی کارەکانیان لەم خولی گرێدانەدا ئەمانەن:

**یەکەم: کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی پەرلەمان پەکخراوە، دەستەی سەرۆکایەتی دەوام ناکەن، (سەرۆك) رێگەی پێنادرێت دەوام بکات، سکرتێر بەهۆکاری سیاسیەوە دەوام ناکات، تەنها جێگر لە پەرلەمان دەوام دەکات، کۆبوونەوەکانی پەرلەمان ناکرێن، هەر بۆیە کاری لیژنەکانیش پەکیان کەوتووەو کۆبوونەوەکانیان وەك پێویست نەکردووە، کە هەندێك لە ئەندامانی لیژنەکان ئەگەر کۆبوونەوەش هەبێت وەك هەلوێستێکی سیاسی لەهەمبەر پەکخستنی پەرلەمان بەشداری کۆبوونەوەکانیان ناکەن.

بەهۆی ئەوەی بە نوسراوی ژمارە (٤٥٢/٤/٤) ی بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوانی پەرلەمان و لەسەر داوای جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە (٢٠١٧/٢/٢٧) کە ئاراستەی ئینستتیۆتی پەی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان کراوە، تیایدا هاتووە کە نابێت هیچ زانیارییەك بە فەرمی لەلایەن پەرلەمانەوە بدرێت بە رێکخراوەکەمان، هەر بۆیە بەپێی هەواڵی سایتی فەرمی پەرلەمان لە ماوەی شەش مانگدا لە (٢٢) لیژنە تەنها (٣) لیژنە کۆبوونەوەیان کردووە کە ئەمانەن:

- لیژنەی کشتوکاڵ (٣) کۆبوونەوە.
- لیژنەی پێشمەرگە (١) کۆبوونەوە.
- لیژنەی کۆمەڵایەتی (١) کۆبوونەوە.

**دووەم: نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان:**

تا ئێستا (٢٢٦) پرۆژە یاساو بریار پێشکەش بە پەرلەمان کراون، لەوانە (١٥٥) پرۆژە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاراستەی ئەندامان و لیژنە پەیوەندیدارەکان کراون، (٧١) پرۆژەش هێشتا خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە. لە کۆی ئەو پرۆژانە لەتەمەنی خولی چوارەمی پەرلەماندا کە سێ ساڵە تا ئێستا تەنها (١٨) یاسا و (٧) بریار پەسەند کراون و ئەوانەی تر وەك خۆیان ماونەتەوە. لەماوەی ئەو بەناو (خولی پایزەی ٢٠١٧)دا بەپێی سایتی پەرلەمان هیچ لیژنەیەك راپۆرتی نەنوسیووە لەسەر پرۆژە یاساکان کە ئاراستەیان کراوە.

**خشتەی (١)**

## پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٦ی پەرلەمان

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٠ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٠ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/جێبەجێکراو | ٠ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٠ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە خولی بەهارەی ساڵی ٢٠١٦ | ٠ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٠ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٠ |
| ٨ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٠ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان بەڵام ئامادە نەبوون | ٠ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١٢ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٣ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٥ |
| ١٤ | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لە خولی بەهارەی ساڵی ٢٠١٦ | ٠ |
| ١٥ | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێ و نەنوسراوە | ٢٤١ |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٠ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٠ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ٠ |

# تێبینییەکان لەسەر خولی پایزەی ٢٠١٦

**یەك:** لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا و پێشتریش لە (٢٠١٥/١٠/٦)ەوە تا ئێستا هیچ دانیشتنێکی پەرلەمان نەکراوە، کە ئەمەش لەگەڵ کاری پەرلەمانیدا ناگونجێت.

**دوو:** خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، کە زیاد لە سێ ساڵ دەبێت، تەنها (١٨) یاسا و (٧) بریاری دەرکردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (١٥٥) پرۆژە یاسا کراوە.

**سێ:** تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان نەیتوانیوە بەدواداچوون و لێپرسینەوە سەبارەت بە شێوازی فرۆشتن و داهاتی نەوت بکات و وردەکاریی گرێبەستەکانی نەخراوەتە بەردەست.[1] هەرچەندە پەرلەمان (یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان) پەسەند کرد، بەلام حکومەت بێ ئەوەی گوێ لەپەرلەمان بگرێت بە ئارەزووی خۆی دوور لە یاسا هەنگاوی ناوە.

**چوار:** هیچ وەزیرێك بەمەبەستی لێپێچینەوە بانگهێشتی پەرلەمان نەکراوە.[2]

**پێنج:** تا ئێستا لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان وەك پێویست بە ئەدای کاری خۆیان لە چاودێری حکومەت هەڵنەساون و بەدواداچوونی پێویستیان بۆ ئەو پرۆژانە نەکردووە کە بودجەیان بۆ دابینکرابوو لە ساڵانی رابردوو و تا ئێستاش بەردەوامن، هەرچەندە پێویستە دیوانی چاودێرییش بەدواداچوون بکات.

**شەش:** لە کۆی ئەو پرۆژانەی ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمان کراون کە بە تێکڕای پرۆژەکان لای سەرجەم لیژنەکان، (٣٦٢) پرۆژەن کە پێویستە لیژنەکان راپۆرتیان لەسەر بنوسن، بەڵام تەنها (١٢١) راپۆرت لە لایەن کۆی لیژنەکانەوە نوسراون. واتە (٢٤١) راپۆرت هێشتا نەنوسراون. ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە.[1]

---

[1] لە مادەی (٤٢) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١- لیژنە بەردەوامەکان مافیان هەیە لەرێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگەی فەرمی و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بکەن کەوا ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە روو، پێشکەشیان بکرێت.

٢- ئەگەر ئەو لایەنانەی لەبڕگەی سەرەوە باسکراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری داواکراو بە لیژنە بەردەوامەکان ئەو کاتە لە رێگەی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکرێتەوەو لە حالەتی وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکە لەماوەی پازدە رۆژدا بابەتەکە دەخرێتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات.

[2] لەمادەی (٦٩) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١- هەر ئەندامێك ویستی ئەندامێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بپرسێنێت ئەوا پرساندنەکە بە شێوەیەکی نوسراو ئاراستە دەکات.

٢- سەرۆکی پەرلەمان پرساندنەکە دەگەیەنێتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پاش دانانی لە کارنامەی یەکەم دانیشتنی دوای پێڕاگەیاندنی و کاتی گفتوگۆکردنی پاش هەفتەیەك دیاری دەکات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش رازی بوو.

**حەوت:** لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا لە کۆی (٢٢) لیژنە تەنها (٣) لیژنە کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە. ئەگەر بارودۆخی پەرلەمان ئاسایی بوایە دەبووایە لیژنەکان بەلایەنی کەمەوە هەفتەی جارێك کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام بدایە.

**هەشت:** وەك تێبینی دەکرێت رۆڵی پەرلەمان لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا لەبەرچاو ناگیرێت و لە رووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز دەخرێت، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوە نابینرێت.

**نۆ:** یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، بە (یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای درێژەدان بەکارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق) ماوەکەی درێژ کرایەوە، لە (٢٠١٦/٧/١٦) ماوەکەی بەسەر چوو، و دەبووایە درێژ بکرێتەوە بەڵام نەکراو ئەمەش بووە مایەی ئەوەی بۆشاییەکی یاسایی لەم لایەنەوە دروست بێت.

**دە:** یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٨) ی بە کرێدانی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان–عێراق، کە بە یاسای ژمارە (٨) ساڵی (٢٠١٥) بۆ ماوەی ساڵێك راگیرابوو و لە رۆژی (٢٠١٦/٧/١٥) راگرتنەکە کۆتایی هات، پێویست بوو پەرلەمان یا ئەو یاسایە هەموار بکات یاخود ماوەی درێژکردنەوەکە نوێ بکاتەوە، بەڵام بەهۆی پەککەوتنی پەرلەمانەوە نەکراو ئەمەش لەم بارودۆخە قەیراناوییە گرفتێکی زۆری بۆ خەڵکی هەژار و کرێچیان دروستکردووە. ئێستا لە دادگاکان چەند کەیسێك یەکلابۆتەوە چونکە دادگا چۆتەوە سەر یاسا کۆنەکە.

**یانزە:** دەستەی (مافی مرۆڤ) لە (٢٠١٧/١/١٧)ەوە ماوەی سەرۆکەکەی بەسەر چووەو دەستەی (دەستپاکی) لە (٢٠١٧/٥/١٣) دا بەسەر دەچێت. کە لەم خولەدا دەبوایە بەپێی یاسا چارەسەرییان بۆ بکرێت، بەڵام هیچ رێو شوێنێك نەگیراوەتەبەر و ئەمەش پێشێلی یاساکانە.

---

[1] لە برگەی (٤) لە مادەی (٧١)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە:راپۆرتێکی هاوبەش لەهەردوو لیژنەکەوە بەرز دەکرێتەوە دووای دارشتنی لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەویش دوای (١٠) رۆژ لەمێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەکە، ئەگەر داوایان لێنەکرێ کە بەشێوەیەکی بەپەلە سەیری بکەن، لەوکاتەشدا لەماوەی (٥) رۆژدا پێشکەش دەکرێ.

# ئەو دەستانەی پەیوەستن بە پەرلەمانەوە

چەند دەستەیەکی سەربەخۆ هەن کە بەپێی یاسا پەیوەستن بە پەرلەمانەوە، پەککەوتنی کاری پەرلەمان کاریگەری لەسەر ئەو دەستانەش هەبووە و ئەگەر پەکیشی نەخستبن، رۆڵیانی لاواز کردووە، لێرەدا هەوڵ دەدەین باسی هەر یەکەیان بکەین:

## یەکەم: دیوانی چاودێری دارای هەرێمی کوردستان – عیراق:

ئەم دەستەیە بەپێی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٨ کار دەکات، هەروەك لە مادەکانی (٢،٣،٤)دا هاتووە: دەستەڵاتێکی چاودێری لە هەرێمدا دادەمەزرێت بەناوی(دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق) کە سایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێری هەیە و بۆی هەیە هەموو رەفتاریکی یاسایی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی بگرێتە بەرو سەرۆکەکەی یا ئەو کەسەی کە دەستەڵاتی پێ دەدات نوێنەرایەتی دەکات. و دیوان بە پەرلەمانی کوردستانەوە دەبەسترێتەوە، و ئامانجی سەرەکی دیوان بریتیە لە پاریزگاری کردن لە موڵك و ماڵی گشتی لە رێگای پیادەکردنی چاودێری کردنێکی کاریگەرانە بەپێی ئەو پسپۆڕایەتی و دەستەڵاتانەی کە ئەم یاسایە پێی دراوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت:

**یەکەم**: ئەم دەستەیە نەیتوانیوە وەك پێویست بە ئەرکی یاسایی خۆی هەڵسێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە زانیاری پێویست نەخراوەتە بەردەمی، هەرچەندە لە مادەی (١١)ی یاساکەیاندا هاتووە:" دیوان ماف بینیی هەموو ئەو بەڵگەنامەو دۆسیەی مامەڵە ئاشکراو نهێنیانەی هەیە کە پەیوەندیان بە کاری داراییەوە هەبێ، جگە لەو بەڵگەنامانەی کە سەرۆکی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران بەدەریان دەکات، بە مەرجێك سەرۆکی دیوان ئاگادار بکری بۆ زانینی زانیاریی و دەربڕینی رای خۆی لە بارەیەوە". بەڵام ئەم کارە نەکراوە.

**دووەم**: لە ماددەی (١٢) دا هاتووە: " یەکەم : دیوان دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی دارایی بۆ کاروباری گرێبەستی گشتی و هەروەها یارمەتی و بەخشش و قەرز و ئاسانکارییەکانی حکومەت هەیە بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی خەرج کردنیان بۆ ئەو مەبەستانەی کە بۆی تەرخانکراوە. سێیەم: پێویستە دەزگاکانی هەرێم هەموو گرێبەست و بەیاننامەی قەرز و بەخششەکانی کەچنگی دەکەون لەماوەی مانگێك دا بۆ دیوانی بنێرێت بە مەبەستی بەدواداچوون و دەربڕینی تێبینی پێویست لەم بارەیانەوە".

ئەوەی تێبینی دەکرێت حکومەت باسی قەرزێکی زۆر دەکات کە لەسەری کەڵەکە بووە، کەچی دیوانی چاودێری لێ ئاگادار نەکراوەتەوە و هیچ گرێبەستێکی دەرەکی نەبینراوە. لەم بارەیەوە سەرۆکی دیوانی چاودێری دەڵێت: "لاوازی سیستەمی دارایی و فەرامۆشکردنی سیستەمی بانکی حکومی کە لە دەرەنجامدا

هەرێمی کوردستانی گەیاندە قۆناغێك کە متمانە و پشت ببەستن بەم سیستەمە نەمێنێت و ناچاری بکات کە پارەی حکومەت لە رێگەی بانکە ئەهلیەکان هەناردەو مامەڵەی پێ بکرێت و ئەمەش سەرپێچی یاسایەو ئەم پارە گشتیانە دەبوایە لە دەزگایەکی وابێت کە لە ژێر رکێفی دیوانی چاودێری بێت و بتوانێت وردبینی بۆ بکات". [1]

**سێیەم**: بەپێی یاساکە دیوان بۆی هەیە وردبینی لەگەل ئەو دامودەزگا ئەهلیانەش بکات ئەگەر مامەلەیان لەگەل حکومەتدا هەبێت، بەلام تا ئێستا نەیتوانیوە وردبینی لەگەڵ دەزگایەکی وەك بانکی کوردستاندا بکات کە مامەڵەی دارایی لەگەڵ حکومەتی هەرێمە و ئالووێری بودجەو موچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەوێوە دەکرێت.

**چوارەم**: یاساکە کەلەبەری تیادایەو لەچەند مادەیەکدا هاودژیی هەیە و ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی دیوانی چاودێری وەك پێویست نەتوانێ بە ئەرکی خۆی هەڵسێت.

**پێنجەم**: بودجەی دیوان لەرێگەی پەرلەمانەوە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ دیاری دەکرێت، بەلام ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە هیچ بودجەیەکی نیەو دیوان چاوی لەدەستی وەزارەتی داراییە برێك بودجەی پێ بدات و ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئیشوکارەکانی دیوان دەبێت کە وەك پێویست نەتوانێ بە ئەرکی چاودێریکردن هەڵسێت.

**شەشەم**: لەبرگەی یەکەمی مادەی (٩)دا هاتووە: " دیوان راپۆرتێکی ساڵانە بەسەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکات و تێیدا تێبینەکانی خۆی لەسەر بارودۆخی دارایی و کارگێری و ئابووری لە بواری چاودێری دارایی لەسەر وەزارەت و ئەو لایەنانە روون دەکاتەوە کە دەکەونە ژێر حوکمی چاودێرییەوە، هەروەها راپۆرتەکە کورتەیك لەکار وچالاکییەکانی دیوان لەماوەی ئەو ساڵەدا لەخۆ دەگرێت".

ئەوەی تێبینی دەکرێت تا ئێستا دیوان راپۆرتی ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٤)ی لە ساڵی ٢٠١٦ ناردووە بۆ پەرلەمان و خەریکی ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵی (٢٠١٥)یە کە بۆ پەرلەمانی بنێرێت.

**حەوتەم**: پێویست بوو حکومەت ژمێرەی کۆتایی بنێرێت بۆ دیوانی چاودێری بەمەبەستی وردبینی کردن و دیوانیش راپۆرتی خۆی بنێرێت بۆ پەرلەمان بەمەبەستی گفتوگۆ و پەسەندکردنی، بەلام لە ساڵی ٢٠١٣ وە تا ئێستا هیچ ساڵێك حکومەت ژمێرەی کۆتایی ئامادە نەکردووە بەڵکو بەیاننامەی دارایی هەبووە، ئەمەش لەگەل یاسادا ناگونجێت و هەر بۆیە دیوان وردبینی نەکردووە.

**هەشتەم**: هەروەك لە مادەی دەیەمدا هاتووە:

" ئەو لایەنانەی خوارەوە بەر چاودێری دارایی دەکەون:

---

[1] http://www.xelk.org/detailnews.aspx?jimare=15055&babet=important&relat=2025

یەکەم: وەزارەت و کارگێڕییە حکومیەکان و ئەو دەستە سەربەخۆیانەی کە بەوەزارەتەکان نەلکاون لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە بودجەی سەربەخۆ و پاشبەندیان هەیە.

دووەم: هەموو ئەو سەندیکا و کۆمەڵەو یەکێتی و ڕێکخراوانەی کە حکومەت مۆڵەتی پی داون .

سێیەم: هەر لایەنێکی دی کە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان– عیراق بڕیار دەدات بخرێنە ژێر حوکمی چاودێریەکەی لەلایەن چاودێری داراییەوە یاخود ئەوەی کە لە یاساکانی دامەزراندنیدا هاتبێ".

بەڵام بەپێی ئەوە ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی نەوت و گاز و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم کە زۆرترین بڕی بودجەیان لەبەردەستە لە چاودێریکردن خۆیان دەدزنەوەو کەلکی خراپیان لەو یاسایەو ئەو کەلەبەرە وەرگرتووە.

لەبارەی چاودێریکردنی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوتو گاز کە لەسەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیو وەزیرانی سامانە سروشتیەکان، داراییو پلاندانان پێکدێنو سەرپەرشتی مەلەف نەوتو گازی هەرێم دەکەن، خالید چاوشلی دەڵێت"نەشمانتوانیوە چاودێریی ئەنجومەنی نەوتو گاز بکەن، چونکە ڕێمان پێنەدراوە".[1]

**نۆیەم**: زۆرترین تێبینی لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیە، بەڵام هەم داتا ناخرێتە بەردەم دیوانی چاودێری و هەم مامەڵەی وەزارەتیش لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمپانیای ئەهلیە کە ئەمەش کارەکە قورس دەکات و تا ئێستاش ئەو کۆمپانیایانەی لە یاسای نەوت و گازدا ناویان هاتبوو دابمەزرێن، دانەمەزراون، دیوانیش ناتوانێ وردبینی لەگەڵ کۆمپانیای ئەهلیدا بکات. لەم بارەیەوە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم رایگەیاندوە: "ڕێگامان نادەن گرێبەستەکانی نەوت کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەگەڵ کۆمپانیاکاندا کردوویانە ببینین و ڕێگامان نادەن چاودیری پرۆسەی نەوت و غاز بکەین". و دەڵێت: "چەندجارێك داوای گرێبەستەکانی نەوتمان کردووەو نەماندراوەتیٚ".

چاوشلی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەپێی ماددەی یانزەیەم لەیاسای دیوانی چاودێری دارایی(ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٨) دیوان ماف بینینی هەموو ئەو بەڵگەنامەو دۆسیەی مامەڵە ئاشکراو نهێنییانەی هەیە کە پەیوەندییان بەکاری داراییەوە هەیە، جگە لەو بەڵگەنامانەی سەرۆکی هەرێم بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی حکومەت بەدەریان دەکات، بەمەرجێك سەرۆکی دیوان ئاگاداربکرێت بۆ زانینیو دەربڕینی رای خۆی لەوبارەیەوە.

سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی دەڵێت " تەنها چەند گرێبەستێکی ڕۆتینیو ئیجرائیمان بۆ نێردراوە، هیچ گرێبەستێکی گرنگ لەکەرتی موساتەحەو وەبەرهێنانو گرێبەستی نەوتو گازو پارە گۆڕینەوە، هیچیان بۆ نەناردوین".[2]

---

[1] http://speemedia.com/dreja.aspx?Jmare=30079&Jor=1

[2] http://speemedia.com/dreja.aspx?Jmare=30079&Jor=1

**دەیەم**: ئەوەی تێبینی دەکرێت کێشەکانی دیوانی چاودێری کە پەیوەندیدارن بە پەرلەمان و پەکخستنیەوە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١-پرۆسەی دامەزراندنی جێگری سەرۆکی دیوان و پڕکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکانی تری وەك: (سەرۆکی فەرمانگەکان، مەڵبەندی یەك و دوو، هونەری، هەڵەبجە و دهۆك) راگیراوە.

٢-کارانەبوونی پەرلەمان کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی وردبینی و چاودێری هەیە، بەهۆی دەرنەکردنی یاسای بودجەوە، ئەمەش دەبێتە هۆیەك بۆ نەبوونی دەرفەتی هەلاوێرکردنی دەرەنجامی ژمێرەی کۆتایی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەو بودجەیە.

٣-بوونی کۆمەڵێك کەلێن و لاوازی لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دانەپۆشینی کۆمەڵێکی گەورە لە ماڵ و سامانی گشتی بەتایبەت لەسەر ئاستی بڕیاری بەرز. کە دووبارە پێویستی بە یاسایەکی نوێیە و پەرلەمان پەسەندی بکات.

ئێستاش پرۆژەی هەموارەکە لەلایەن دیوانی چاودێرییەوە ئامادەکراوە، بەڵام لەکارکەوتنی پەرلەمان بۆتە کۆسپ.

٤-کارابوونی پەرلەمان دەبێتە هۆیەك بۆ دەرکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان و رێکخستنی دەسەلاتەکان بە شێوەیەکی یاسایی. ئەمەش پشتیوانی و هێزێك بۆ کارەکانی دیوانی چاودێری دابین دەکات لەرووی دامەزراوەیی و یاساییەوە.

٥-بەشێك لە پێداویستیەکانی پرۆسەی چاکسازی کە ئامادەکراوە لەلایەن دیوانی چاودێری پێویستیان بە هەموارکردنی چەند یاسایەك یا دەرکردنی چەند یاسایەکی نوێ دەکات، ئەمەش دەرفەتەکەی پەیوەندیدارە بە دەستورەوە.

٦-بوونی پەرلەمان و لێپرسینەوە پشتیوانییەکە بۆ دامودەزگا سەربەخۆکان و هتد.

## دووەم: دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق:

ئەم دەستەیە بەپێی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٠ کار دەکات، هەروەك لە مادەی دووەمی یاساکەدا هاتووە: دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی (دەستەی سەربەخۆی ماف مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان– عێراق) دا، کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداری دەبێت لەچوار چێوەی بودجەی گشتی لە هەرێمدا، بودجەیەکی تایبەتی دەبێت بە پەرلەمانەوە پەیوەست دەبێت و لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت یاسای ئەم دەستەیە وەك پێویست جێبەجێنەکراوەو دەستەی مافی مرۆڤ نەیتوانیوە وەك پێویست بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت:

**یەکەم**: لە (ماددەی پێنجەم) برگەی (دووەم)دا هاتووە: "دووەم: سەرۆکی دەستە لەسەر پاڵاوتنی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپلەی تایبەت دادەمەزرێ و فەرمایشتی (مرسوم) هەرێمی بە دامەزراندنەکەی دەردەچێت پاش پەسەند کردنی پەرلەمان لەسەر پاڵێوراوەکە بەزۆرینەی ژمارەی ئامادەبوان و، ماوەی سەرۆکایەتییەکەشی چوار ساڵە و بۆیەك جار تازە دەکرێتەوە".

ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە (٢٠١٢/١٢/١٧)دا لە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و لە (٢٠١٧/١/١٧) تەواو بووە، سەرباری ئەوەی بە نوسراوی فەرمی لەلایەن سەرۆکی دەستەوە لە (٢٠١٧/١/٤) سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام ئێستا سێ مانگ بەسەر ماوەی یاسایی سەرۆکی دەستەدا تێپەریوە، نە سەرۆکی دەستە خانەنشینکراوەو نە کەسێکی تر لە شوێنی دانراوەو نە ماوەی سەرۆکەکەشی درێژکراوەتەوە و نە وەڵامیش دراوەتەوە.

**دووەم**: لە برگەی (یەکەم)ی مادەی (هەشتەم)ی یاساکەدا هاتووە کە: "پەرلەمان چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانی دەستە دەکات بەپشت بەستن بە حوکمەکانی یاسا و پەیرەوی ناوخۆ".

ئەوەی تێبینی دەکرێت پەرلەمان هیچ هەنگاوێکی کردەیی نەناوە بۆ چاودێریکردنی دەستە، لەکاتێکدا پێشێلکاریی یاسایی بەدی دەکرێت.

**سێیەم**: یاسای دەستە کەموکوڕی تێدایەو تایبەتمەندیی نیە لەگەڵ مافی مرۆڤ و لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ناگونجێت و پێویستی بە هەموار هەیە و خودی دەستەی مافی مرۆڤیش تێبینیان لەسەری زۆرە، بەڵام کە پەرلەمان پەکخراوە ئەم کارە ناکرێت.

**چوارەم**: سەبارەت بە بودجەی دەستە هەروەك لە برگەی (یەکەم)ی مادەی (دووەم)دا هاتووە: "دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان– عێراق) دا، کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداری دەبێت لەچوار چێوەی بودجەی گشتی لە هەرێمدا، بودجەیەکی تایبەتی دەبێت بە پەرلەمانەوە پەیوەست دەبێت و لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت".

بەڵام لەراستیدا دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ چاوی لەدەستی وەزارەتی داراییە کە بڕێکی کەم بودجەی بۆ دیاری بکات و ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئیشەکانی دەستە دەبێت.

**پێنجەم**: یاسای بەدەستهێنانی زانیاری کە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بەرپرسە لە جێبەجێکردن و سەرپەرشتی کردنی، بەڵام حکومەت نایەوێت جێبەجێی بکات و لە هەنگاوەکانیدا کەلەسەریەتی بینێت و رێنمایی دەربکات خۆی دەدزێتەوە.

**شەشەم**: کۆمەڵێك یاسا هەیە دەبێت هەموار بکرێت یاخود دەربکرێت، وەك (یاسای تیرۆر، یاسای بەکاربەر، یاسای بازرگانی بە مرۆڤ، یاسای کار، و ...هتد) کە راستەوخۆ پەیوەندیان بە مافی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام پەککەوتنی پەرلەمان بۆتە رێگر لەبەردەم ئەم کارەدا.

**حەوتەم**: لە برگەی (١٠)ی مادەی (چوارەم)ی یاساکەدا هاتووە: " أ- راپۆرتی ساڵانە ئامادە دەکات بۆ دەرخستنی رووی راستەقینەی واقعی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا و بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەرزدەکاتەوە، لەگەڵ پیشاندانی راسپاردەی بەکردار بۆ پاراستن و بەهێزکردنی مافی مرۆڤ لەکوردستان .

ب- راپۆرتی خولاوخول لەبارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ بە پەرلەمانی کوردستان دەدات و لەدەزگاکانی راگەیاندندا بڵاوی دەکاتەوە".

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەهەموو ئەو کاتانەی دەستە راپۆرتەکانی خۆی بۆ پەرلەمان ناردووە پەرلەمان هیچ وەڵامێکی نەداونەتەوە نە بە باش و نەبە خراپ و نە دەستخۆشی.

## سێیەم: دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە

ئەم دەستەیە بەپێی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٠ و یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠١٣ یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە کار دەکات، هەروەك لە مادەی دووەمی یاساکەدا هاتووە: بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك پێك دێ بەناوی (دەستەی گشتی لەهەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) وە کە سایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی هەیە و لەباری کارگێڕییەوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلکێت.

**یەکەم**: هەروەك لەسەرەوە دەستنیشانکراوە، ئەم دەستەیە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە گرێدراوە، بەڵام لە بڕگەی سێیەمی مادەی حەوتەمی یاساکەدا هاتووە: "پێویستە لەسەر سەرۆکی دەستە راپۆرتی دەوری هەر چوار مانگ جارێك لەسەر ئەرك و کارەکانی دەستە لەرێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات".

ئەوەی جێگەی سەرنجە ماوەی دوو ساڵ دەبێت دەستە هیچ راپۆرتێکی بە پەرلەمانی کوردستان نەداوەو پەرلەمانیش هیچ لێپێچینەوەیەکی نەکردووە.

لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ دەستەکە روونیانکردەوە کە: سەرەتا (١٢٠) دانە راپۆرتمان بۆ پەرلەمان دەنارد بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە، دواتر (١١٠)دانەمان نارد هەر وەڵام نەبوو، کردمان بە (٦٠) دانە هەر وەڵام نەبوو، دوای ئەوە تەنها بۆ (٢٢) لیژنەکەو (٣) سەرۆکایەتیمان نارد هەر وەڵام نەبوو، کردمان بە (٣)دانە بۆ سەرۆکایەتی هەر وەڵام نەبوو، دواجار تەنها (١)دانە راپۆرتمان نارد هەر وەڵام نەبوو، ئەمجارە بڕیارماندا هەر نەینێرین کەچی کەس پێی نەوتین بۆچی راپۆرت نانێرن!

**دووەم**: ئەم دەستەیە کاری لەسەر دوو تەوەرە دەکرد، یەکێکیان مادەی (١٤٠)ی دەستوری عیراق بوو ئەویش ئێستا دووای گۆڕانکارییەکان چارەنوسی دیار نیەو ئیشەکانی وەستاوە، دووەمیشیان بوونی خزمەتگوزاری بوو لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجەی ساڵانەوە ئەو خزمەتگوزاریانەش وەستاوە، کەواتە ئەم دەستەیە بێ ئیش کەوتووە.

**سێیەم**: بۆشایی و کەلەبەر و کەموکوڕی لە یاسای دەستەدا هەیە، تەنانەت جیاوازی لە نێوان دەقە کوردی و عەرەبیەکەدا هەیە، بەڵام پەککەوتنی پەرلەمان کاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی ئەم یاسایە هەموار نەکرێتەوە.

## چوارەم: دەستەی گشتی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەم دەستەیە بەپێی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١ کار دەکات، هەروەك لە مادەی دووەمی یاساکەدا هاتووە: بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك بەناوی (دەستەی گشتیی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان – عێراق) دادەمەزرێت، خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی سەربەخۆ دەبێت و لەژێر چاودێری پەرلەماندا دەبێت و لەنێو بودجەی گشتی هەرێمدا تەرخانکراوی (تخصیصات)دەبێت .

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت یاسای ئەم دەستەیە وەك پێویست جێبەجێنەکراوەو دەستەی دەستپاکی نەیتوانیوە وەك پێویست بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت:

**یەکەم**: لە مادەی (دووەم)ی یاساکەیاندا هاتووە کە: بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك بەناوی (دەستەی گشتیی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان – عیراق) دادەمەزرێت، خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی سەربەخۆ دەبێت و لەژێر چاودێری پەرلەماندا دەبێت و لەنێو بودجەی گشتی هەرێمدا تەرخانکراوی (تخصیصات)دەبێت.

کەچی دەستە هیچ بودجەیەکی بۆ تەرخان نەکراوەو بەڵکو چاوی لەدەستی حکومەت و وەزارەتی داراییە ئەگەر بڕێك بودجەی بۆ دیاری بکات تا کارەکانی پێ بکات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر سەربەخۆیی دەستەی دەستپاکی هەیە.

**دووەم**: لە مادەی (چوارەم)ی یاساکەدا باس لەوانە دەکات کە حوکمەکانی ئەم یاسایەیان بەسەردا پیادە دەبێت، وەك:

یەکەم: سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری و ئەندامانیان و ئەوانەی کاریان تیدا دەکەن .

دووەم: لایەنەکانی کەرتی تایبەت کە وەك کەس و کۆمپانیا کە لەگەڵ وەزارەت و دەزگاکان و تێکرای فەرمانگەکانی هەرێمدا گرێبەستیان کردووە .

سێیەم: رێکخستنە سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوی ناحکومی و نێودەوڵەتی کەلەهەرێمدا کار دەکەن، یەکێتی و کۆمەڵە و یانەکان، هێندەی پەیوەندیان بەم کاروبارانەی خوارەوەدا هەبێت:

١– یاسایی بوونی سەرچاوەکانی پارەدان و بەخشین .

٢– جۆری خەرج کردن بەگوێرەی ئەو رێسایانەی لەخەرج کردندا پەیرەو دەکرێن .

٣– رەچاوکردنی پەیرەوی ناوخۆی تایبەت بە خۆیان و سەرپێچ نەکردنی .

ئـەوەی تێبینــی دەکرێـت یـەکێك لـە هۆکارەکـانی جێبـەجێ نـەکردنی ئـەم یاسـایە ئەوەیـە کـە زۆرینـەی فەرمانبەران و بەرپرسانی ئەم ولاتە بـەجۆرێك پارێزبەنـدی (حصـانە)یان هەیـە، وەك: پەرلـەمانتار و وەزیـر و پارێزەران و پیاوانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و رۆژنامەنوسـان و ...هتـد کـە ناتوانرێـت بـەبێ رەزامەندی مەرجەعەکەیان بانگ بکرێنە بەردەم دادگا و لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و دەزگاکانیشـیان زۆر بە زەحمەت رەزامەندی نادەن.

**سێیەم**: لە مادەی (پێنجەم)دا هاتووە کە دەستە کار دەکات بۆ:

یەکەم: جێبەجی کردن و پیادەکردنی یاساکانی نەهێشتنی گەنـدەڵی و پێوەرەکـانی راژەی گشـتی بـەپێ دەستوور و یاسـا کـار پـێ کراوەکـان، و لێکۆڵینـەوە لـە کێشـەکانی گەنـدەڵی و رەوانـە کردنیـان بـۆ دادگـای تایبەتمەند و بە دواداچوونیان. و وەرگـرتنی سـکاڵای هاووڵاتیـان، ئەوانـەی پەیوەنـدیان بەگەنـدەڵی و لایـەنی جیاجیاوە هەیە و لێکۆڵینەوە کردن تێیاندا. و بڵاوکردنەوەی کولتووریکی نیشتیمانی بۆ گەشەپێدانی رەوشتی دەسپاکی، و دەرکردنی رێنمای بـەگوێرەی رێسـاکانی وەدەسـتهێنانی نـارەوا، و ئاشـکرا کردنـی بەرژەوەنـدی دارایی هەریەك لە سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی، و سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکـەی و سـکرتێر و ئەنـدامان، و سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی، و وەزیران و ئەوانەی لە پلەی وەزیردان و بریکاری وەزارەتـەکان، و سـەرۆکی دەستەی گشتیی دەسـپاکی و جێگرەکـەی و هـەموو بەرێوەبـەرانی گشـتیی دەسـتە و لێکۆڵـەرانی. و خـاوەن پلەکانی تایبەت و بریکار و یاریدەدەرانیان، و بەرێوەبەرانی گشتی و یاریـدەدەرانیان. و دادوەران و ئەنـدامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارانی داد و لێکۆڵەران. و ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و هێزی ئاسایشـی نـاوخۆ، و سـەرۆکی یەکـەی ئیـداری و ئەنـدامانی پارێزگـا و قـەزاو ناحیـەکان و سـەرۆکی شـارەوانیەکان و ئەنـدامانی ئەنجومەنی شارەوانی. و هەر کەسێك کە لەپۆستێکی مەدەنی یان سەربازیدایە، لەوانـەی پێشـتر (لەسـەرەوە) ناویـان نـەهاتبێ و دەسـتە بەپێویسـتی دەزانێـت راپـۆرتی ئاشـکرا کردنـی دارایـی بیگرێتـەوە، بـە گـوێرەی رێنماییەك کە بۆ ئەو مەبەستە دەردەچێت.

بەڵام وەك پێویست نەتوانراوە بەشی زۆری ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکرێن.

یەکێك لەو سـێکتەرانەی گومـانی لەسـەرە کـە گەنـدەڵی تیادایـە بـواری نـەوت و گـاز و وەزارەتـی سـامانە سروشتیەکانە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەلایەن دەسـتەی دەسـتپاکیەوە هـیچ کـارێکی لەسـەر نـەکراوە، هۆکارەکەشـی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە لەلایـەن حکومـەت و بەرپرسـانی پەیوەندیـدارەوە هـیچ زانیـاری و داتایەکی دروست بە دەستەی دەستپاکی نەدراوە.

**چوارەم**: لە مادەی (حەوتەم)دا هاتووە کە "ماوەی خزمەتی سەرۆك چوار ساڵە و بۆ یەك جار قـابیلی تـازە کردنەوەیە".

بەڵام سەرۆكی دەستە بەڕێز (د.ئەحمەد ئەنوەر) ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٣ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بە سەرۆكی دەستەی دەستپاكی هەڵبژێردراو سوێندی یاسایی خوارد و ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ دەستبەكار بووە، دووای نزیكەی دوو مانگی تر ماوەی سەرۆكایەتی بەڕێزیان لەدەستە بەپێی یاسا تەواو دەبێت، دیار نیە ئاخۆ بۆی نوێ دەكرێتەوە یاخود كەسێكی تر لەشوێنی دەستبەكار دەبێت، ئەمە لەكاتێكدایە كە دەبێت پەرلەمان بەئەنجامدانی ئەم كارە هەلسێت، كەچی پەرلەمان لەكار خراوە.

**پێنجەم**: بەپێی مادەی (دەیەم) دەبێت هەر شەش مانگ جارێك دەستە راپۆرت پێشكەش بە پەرلەمان بكات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە تا ئێستا هیچ راپۆرتێكی پێشكەش بە پەرلەمان نەكردووە، جگە لەوەی لە سالانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دوو راپۆرتی بڵاو كردۆتەوە.

**شەشەم**: بەپێی یاساكە دەستە نەیتوانیوە پەیكەری خۆی وەك پێویست دروست بكات بەهۆی قەیرانی داراییەوە، فەرمانبەرەكانی وەك پێویست بۆ دانەمەزراون و كەموكوریی هەیە، هەروەها بەپێی مادەی (یازدەهەم) دەبوایە جێگرێك بۆ سەرۆكی دەستە دابمەزرێت، تا ئێستا ئەویش دانەمەزراوە.

**حەوتەم**: بەپێی مادەی (چواردەمەم) دەبوایە دەستە لەو بەرپرسانە بپێچێتەوە كە سامانیان بە بەدەستهێنانی ناڕەوا كۆكردۆتەوە، بەڵام لەم بوارەدا هیچ هەنگاوێك نەنراوە.

**هەشتەم**: دەبوایە پەرلەمان بەدواداچوون بكات لە جێبەجێنەكردنی یاساكە و وەك پێویست هەڵنەسانی دەستە بە جێبەجێكردنی ئەركەكانی سەر شانی، بەڵام بەهۆی پەك كەوتنی پەرلەمانەوە ئەوەش نەكراوە.

**نۆیەم**: بۆشایی و كەلەبەر و كەموكوڕی لە یاسای دەستەدا هەیە، خودی دەستەش خۆیان نارازین لە یاساكە تەنانەت دوای هەمواركردنەوەشی كە كراوە، بەڵام پەككەوتنی پەرلەمان كاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی ئەم یاسایە هەموار نەكرێتەوە.

# پێنجەم: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی

ئەم دەستەیە بەپێی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ کار دەکات، هەروەك لە مادەکانی دووەم و سێیەمی یاساکەدا هاتووە: بەگوێرەی ئەم یاسایە دەستەك دادەمەزرێ لەژێر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات (السلطة الحصرية) کە رێکاری هەموو هەڵبژاردن و راپرسییە گشتییەکان ئەنجام دەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان – عێراق. و بارەگای سەرەکی کۆمسیۆن لەپارێزگای هەولێری پایتەخت دەبێ و، بەگوێرەی پێویست نووسینگەکانی خۆی لەناوەندی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکاندا دەکاتەوە. و کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەویی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێری پەرلەمان و بەرپرسیاریشە لە بەرامبەریدا .

**یەکەم**: هەرچەندە ئەم کۆمسیۆنە وەك لە ناوی یاساکەیدا هاتووە (سەربەخۆ)یە، هەروەك لە برگەی (یەکەم)ی مادەی (پانزەهەم)دا هاتووە: " کۆمسیۆن بودجەیەکی ساڵانەی سەربەخۆی دەبێ بەگوێرەی رێنمایی و رێسا پەیرەوکراوەکان دەبێ و لەلایەن ئەنجومەنەوە پێشنیاز دەکرێ بە راوێژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و، پەرلەمان پەسەندی دەکات و دەخرێتە ناو بودجەی گشتی هەرێم".

بەڵام بودجەی کۆمسیۆن لەژێر دەستی حکومەتەو دەبێت بۆ دابین کردنی چاوی لە کەرەمی وەزارەتی دارایی بێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر سەربەخۆییەکەی دەبێت. هەروەها لە مادەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە کە ئەم دەستەیە (بێلایەن)ە، لەمەشیاندا لەگەڵ یاساکەدا وێك نایەتەوە چونکە کۆمسیۆن بەسەر پێنج حزبە سەرەکییەکەدا دابەشکراوە، (٩) ئەندامی ئەنجومەنی هەیە کە لە (٣) پارتی، (٢) یەکێتی، (٢) گۆڕان، (١) یەکگرتوو و (١) کۆمەڵ پێکهاتوون. نەك هەر لە ئەنجومەندا بەڵکو لە بواری کارگێڕیشدا رەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە لە (١٢) بەڕێوەبەری گشتیی کۆمسیۆندا (٤) پارتی، (٣)یەکێتی (٣) گۆڕان، (١)یەکگرتوو و (١) کۆمەڵ دابەشکراون. دیارە ئەمە سەبارەت بە جێگری بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەر و جێگرەکانیان و تا دوافەرمانبەر رەنگی داوەتەوە، ئەمەش لەگەڵ یاساکە و پێوەری بێلایەنیدا ناگونجێت.

ئەم رەوشەی لە کۆمسیۆندا دەگوزەرێت لەگەڵ ئە برگەیەشدا ناگونجێت کە بە زنجیرەی (ز) لە مادەی پێنجەمی یاساکەدا هاتووە سەبارەت بەو کەسانەی لە کۆمسیۆندا کار دەکەن: " ئینتیمای بۆ هیچ پارتێکی سیاسی نەبێ لەکاتی ئەندامیەتیدا لە ئەنجومەن". بەڵام هەموو ئەو کەسانەی لە کۆمسیۆن دانراون حزبەکان بۆ کاری خۆیان دایانناون.

**دووەم**: لە برگەی (پێنجەم)ی مادەی (چوارەم)دا هاتووە: " بەرێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و رێکخستن و نوێ کردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەر کردنی ماف هەڵبژاردنیان".

هەروەها لە برِگەی (یەکەم)ی مادەی (شەشەم)یشدا هاتووە: " دامەزرانـدن و نوێکردنـەوە و بـژارد کردنـی تۆماری دەنگـدەران لـەرێی هـەموو جـۆرە شـێوازێکی تـازەی بەردەسـت، لەسـەر لایەنـە پەیوەندیـدارەکانیش پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەندا بکەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە".

بەڵام تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت کۆمسیۆن هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ دروستکردنی تۆمارێکی دەنگدەرانی پاك و بێ خەوش، ئەگەر هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بکرێت دەبێت بەهەمان تۆماری دەنگدەرانی عیراقی بکرێت کە پێشتر پێـی کـراوە، لەکاتێکـدا ئـەم تۆمـارە پـڕە لـە خـەوش و بـە سـەدان هـەزار دەنگـی مـردوو و دووبارەو چەند بارە و ساختەی تیایە.

**سێیەم**: لە برگەی (دەیەم)ی مادەی (چوارەم)دا هاتووە " کارکردن بۆ درووستکردنی متمانـە لـە پرۆسـەی هەڵبژاردنـدا لای گشـت تویـژەکانی کوردسـتان و چەسـپاندنی رۆشـنبیری هەڵبـژاردن لـەرێی درێـژەدان بـە پەیوەندی لەگەڵ گشت هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە".

تا ئێستا هیچ هەنگاوێك نەنراوە و هیچ کارێك نەکراوە بـۆ ئـەوەی متمانـە لای خـەلکی کوردسـتان دروسـت بکرێتەوە بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان.

**چوارەم**: چوار حزبەکە (یەکێتی و گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) کە پێیان وایـە (مەسـعود بـارزانی) لـە رووی یاساییەوە سەرۆکی هەرێم نیەو شەرعیەتی لەدەستداوە، بەڵام پێیان ئاسایی بوو بۆ دامەزرانـدنی بەرێوەبـەرە گشتیەکانیان مەرسومی سەرۆکایەتی بە ئیمزای مەسعود بارزانی دەربچێت! ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە رێگەی پەرلەمانەوە نوسراویان بۆ سەرۆکی هەرێم کردووە، بەمەش لێرەدا کۆمسیۆن دان بە پێگەی مەسعود بارزانیـدا دەنێت وەك سەرۆکی هەرێم.

**پێنجەم**: کۆمسیۆنەکە بە ناو (کۆمسیۆنی سەربەخۆ)یە، بـەڵام لـە دامەزرانـدنی سـەرجەم فەرمانبـەرەکانی کۆمسیۆندا (پێنج حزبەکە) کەسانی (سەربەخۆیان) داناوە نەك (سەربەخۆ).

# شەشەم: یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەم یاسایە کە بە ژمارە (١١) لە ساڵی (٢٠١٣)دا دەرچووە، بەجۆرێك پەیوەستە بە پەرلەمانەوە، چونکە لە مادەی سێیەمی ئەم یاسایە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کە پەیوەستە بە پەرلەمانەوە ئەرکی چاودێریکردن و جێبەجێکردنی ئەم یاسایەی دەکەوێتە ئەستۆ.

**یەکەم**: ئەوەی جێگەی تێڕامانە لە مادەی (ماددەی بیست و دووەم) دا هاتووە کە: "ئەم یاسایە لەدوای (٩٠) نەوەد ڕۆژ لەڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت". بەلام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت جێبەجێ نەکراوە، کە هۆکارەکانی بۆ ئەم خالانە دەگەڕێتەوە:

**دووەم**: بەپێی برگەی (٦) لە مادەی (یەکەم)دا "پێویستە لەلایەن هەر یەك لە دامودەزگاکانەوە فەرمانبەرێکی تایبەت دیاری بکرێت بۆ سەیرکردنی داواکاری وەدەستهێنانی زانیاری". هەروەها لە (ماددەی دوازدەم) دا سەبارەت بە راهێنانی فەرمانبەران هاتووە: "پێویستە لەسەر هەر دامودەزگایەکی گشتی یان تایبەتی راهێنانی گونجاو بۆ فەرمانبەرە تایبەتمەندەکانی لەوەی پەیوەستە بەجێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، مسۆگەر بکات". بەلام هیچ فەرمانبەرێك نە راهێنراوەو نە دەستنیشان کراوە.

**سێیەم**: لە مادەی (سێیەم)دا هاتووە:

دەستە سەربارەی ئەم ئەرکانەی لە یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٠ داهاتووە بۆ چاودێری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ئەم ئەرك و دەسەلاتانەشی هەیە:

یەکەم: بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە و چاودێری کردنی سەرپێچیەکان و ئەو کۆسپانەی دێنە رێگای جێبەجێ کردنی یاساکە و دەرکردنی راسپاردەی پێویست .

دووەم: دانانی بەرنامە و کار بۆ راهێنانی ئەو فەرمانبەرانەی تایبەت مەندن بە جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە .

سێیەم: وەرگرتنی سکالا و ساغ کردنەوەیان (التحقیق منها) بەزووترین کات وە گرتنە بەری ڕێو شوێنی پێویست .

چوارەم: ئاگادارکردنەوەی دام و دەزگاکان بۆ راسکردنەوەی ئەو حالەتانەی کە بەلگەی تۆمەتبارکردنی سەرپێچی کارانەی ئەم یاسایەیان تێدا دەرئەکەوێ .

پێنجەم: ئاراستە کردنی هاولاتیان بەرێگای ئەوتۆی شیاو بۆ گەیشتن بەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەرکردنی بلاوکراوەی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە .

شەشەم: دەخالەت کردن بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لەحاڵەتێکدا داواکار نەشیا بەگوێرەی ئەم یاسایە زانیاری دەست بکەێ پاش پەناهێنانی بۆ دەستە هەروەها دەستە بۆشی هەیە داوا لەسەر ئەو لایەن و تاکانەی کە ئەم یاسایە پێشیل دەکەن لەبەردەم دادگاکاندا بەرز بکاتەوە .

حەوتەم: دەبێت دەستە هەر ٦ مانگ جارێك لەبارەی کاروچالاکیەکانی خۆیەوە راپۆرتێك بەپەرلەمان بدات و بۆ رای گشتی بلاوی بکاتەوە". ئەوەی جێگەی سەرنجە هیچ کام لەو ئەرکانە جێبەجێ نەکراون.

**چوارەم:** لە (ماددەی سێزدەیەم) دا سەبارەت بە پێشکەشکردنی راپۆرت بەدەستە هاتووە:

"پێویستە لەسەر هەر دامودەزگایێکی گشتی، هەر چوار مانگ جارێك، راپۆرتێك بۆ دەستە بەرز بکاتەوە بەمەرجێك ئەمانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

داواکارییە وەرگیراوەکان، ئەو داواکارییانەی چ بەتەواوەتی یان بەشێکیان پەسەندکراون یان بەتەواوەتی رەتکراونەتەوە، نارەزایی و داوا بەرزکراوەکان، ئەو راپۆرتانەی کە بەپێی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە بلاوکراونەتەوە و ئەو خولانەی بۆ راهێنانی فەرمانبەرەکانی ئەنجامی داون".

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەلایەن دامودەزگاکانەوە هیچ راپۆرتێك پێشکەش بە دەستە نەکراوە.

**پێنجەم**: لە مادەی (حەڤدەم)دا سەبارەت بە نارەزایی دەربڕین هاتووە:

یەکەم: هەرکەسێك، داواکاری دەسکەوتنی زانیاریی رەتکراوەتەوە، مافی هەیە نارەزایی دەرببڕێت لەسەر بڕیار و رێکارەکانی دامودەزگای گشتی یان تایبەتی لەبەردەم سەرچاوە کارگێڕیە بالاکان، دەستەو، دادگاکانی بەرایی تایبەتمەند لەماوەیەك لە (٧) حەوت رۆژ لە رێکەوتی دەرچوونی ئەو بڕیارەی لەسەری نارازییە یان بڕیاری ئەو لایەنەی لەلای نارەزایی دەبڕیوە، تێپەڕ نەکات، و لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- رەتکردنەوەی داواکارییەکە، چ بەتەواوەتی یان بەشێکی .

٢- تێپەڕینی ئەو ماوەیەی دیاریکراوە بۆ وەڵامدانەوەی بەپێی ماددەی هەشتەم/ برگەی (پێنجەم) .

٣- سەپاندنی تێچوونی ناپێویست بەسەر پێشکەشکاری داواکارییەکە .

٤- رەوانەکردن یان رێنوێنیکردنی بۆ زیاتر لە دامودەزگایێکی تر، بەئامانجی سەرلێشواندنی پێشکەشکاری داواکارییەکە و شاردنەوەی زانیارییەکان لێی .

دووەم: بڕیاری دەرکراو لەلایەن دادگای بەرایی تایبەتمەند شیاوی تانەلێدانی تەمییزی دەبێت لە لای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە بەسیفەتێکی تەمییزی، لەماوەی (١٥) پازدە رۆژ لەرێکەوتی پێراگەیاندن یان هەژمار کردنی بەوەی پێی راگەیێنراوە و ئەو بڕیارەی لە ئەنجامی تانەلێدانەکە دەردەکرێت بنبڕ دەبێت". ئەم مادەیەش جێبەجێ نەکراوە.

**شەشەم**: لە مادەی (هەژدەهەمدا) ئەو سزایانە دەستنیشانکراون بۆ هەرکەسێك ئەگەر زانیاری بشارێتەوەو نەیدات. بەڵام ئەم مادەیەش جێبەجێ نەکراوە.

**حەوتەم**: لە ماددەی (نۆزدەم) دا هاتووە: "پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن".

بەڵام ئەنجومەنی وەزیران هیچ مادەیەکی ئەم یاسایەی جێبەجێ نەکردووە. چونکە لە مادەی (ماددەی بیست و یەکەم)دا هاتووە : "پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات". بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەنجومەنی وەزیران هیچ رێنماییەکی بۆ ئەم یاسایە دەرنەکردووە.

واتە ئەم یاسایە ماوەی چوار ساڵە دەرچووە بەبێ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، پەرلەمان دوو جار لێی بەرپرسیارە، جارێك وەك ئەوەی یاسایەکە وەك هەریەك لە یاساکانی تر پەرلەمان دەری کردووەو جێبەجێ ناکرێت، دووەمیش چونکە ئەم یاسایە جێبەجێکردن و سەرپەرشتی کردنی بە دەستەیەك سپێردراوە کە پەیوەستە بە پەرلەمانەوە.

## هەرێمی کوردستان:

## دورگەیەکی دیموکراسی... ساڵ و نیوێك بێ پەرلەمان!

تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بیست و پێنج ساڵە، بەهۆی ناجێگیری رەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان و جۆرەها هۆکاری تر، بەپێی یاسا دەبوایە تا ئێستا حەوت جار هەڵبژاردن بکرایە، بەڵام ئەوەتا ئێستا پەرلەمان لە خولی چوارەمیەتی و ئەویش پەکخراوە.

سەرەتای گرژییەکانی نیوان گۆڕان و پارتی لەدوای پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، کە بەتەوافوق لەنێوان پێنج لایەنە سەرەکییەکە پێکهات، لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دەستیپێکرد، کە گۆڕان، یەکێتی، کۆمەڵ و یەکگرتوو بەپشتبەستن بە زۆرینە، کۆبوونەوەی پەرلەمانیان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا و پارتی بە "کۆتاییهاتنی تەوافوق" وەسفیکرد.

سەرەڕای داواکاری ئەمریکا و رێککەوتنی لایەنەکان لە شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بۆ ئەنجامنەدانی کۆبوونەوە، سەرباری ئەوەی سەرکردایەتی حزبەکانیشیان ئیمزای ئەوەیان کردبوو کە کۆبوونەوەکە دوابخرێت، بەڵام لە ١٩ی ئاب فراکسیۆنەکانی (گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ و بەشێك لە یەکگرتوو) لە پەرلەمان سووربوون لەسەر ئەنجامدانی کۆبوونەوە، هەرچەندە بەهۆی تەواونەبوونی رێژەی یاسایی، کۆبوونەوەکە شکستیهێنا.

دواتر بەهۆی خۆپیشاندانەکان و سووتاندنی بارەگاکانی پارتی لە سلێمانی و گەرمیان و تۆمەتبارکردنی گۆڕان لەلایەن پارتییەوە بە هێرشکردنە سەر بارەگاکانیان، لە١٢/١٠/٢٠١٥ پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بازگەی پردێی نزیك هەولێر رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کرد بگەڕێتەوە سەر کارەکەی لە هەولێر، لەو کاتەشەوە تاوەکو ئێستا پەرلەمان لەکارخراوە. هەرچەندە تا ئێستاش ئەو کەیسە لە دادگاکاندا یەکالا نەکراوەتەوە کە کێ بوون ئەوانەی هەڵیانکوتایە سەر بارەگاکان و کێیان لە پشتەوە بووە.

ئێستا کە ساڵ و نیوێکە پەرلەمان بە بڕیاری سیاسی پەکخراوە، ئەم خولە کەمتر لەهەشت مانگ تەمەنی ماوە، بەردەوام هەموو لایەنەکان داوای کاراکردنەوەی دەکەن، بەڵام هیچ کامیشیان هەنگاوی کرداریی بۆ نانێن و ئامادە نین لەپێناو بەگەڕخستنەوەی ئەم دەزگا گرنگە لە میچی داواکارییە تایبەتیەکانیان بێنە خوارەوە. تاوەکو ئێستاش لایەنە ناکۆکەکانی کوردستان توونتر لەو کاتە لێدوان و بەیاننامە بەرامبەر یەکتری دەردەکەن. کۆبوونەوە پێنجقۆڵییەکانیش، کە ئەو کات وەستان، هێشتا دەستیان پێنەکردووەتەوە.

لە ١٩ حوزەیرانی ٢٠١٥ وە، ماوەی یاسایی سەرۆکی هەرێم کۆتایی پێهاتووە. لە ١٢ ئۆکتۆبەری هەمان ساڵیشەوە، پەرلەمان پەکخراوەو لە کارکەوتووە، حکومەتیش دوور لە چاودێری پەرلەمان و بە دوور خستنەوەی چوار وەزیر و دەستلەکارکێشانەوەی دوو وەزیری تری زۆر بە سستی کارەکانی رایی دەکات. گرفتەکانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و نەبوونی موچە و نا شەفافی لە سەرچاوەکانی داهات و بێ

کارەبایی و نەبوونی سوتەمەنی و زیادکردنی باجەکان لەلایەن حکومەتـەوە برسـتی لـە خـەڵك بڕیـوە. پێشـێل کردنی یاسا و گاڵتەکردن بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و بێ نرخ کردنی پرۆسەی دەنگدان، باڵادەستی حزبـەکان و بوونی هێزی چەکداری هەر یەکەیان لە ناوچەیەکی جوگرافیدا، ئەم هەلومەرجەی کە هەرێمی کوردستانی پیا تێپەردەبێت، قۆناغێکی سەخت و دژوارەو دڵە راوکێی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو کردۆتەوە.

تا ئێستاشـی لەگەڵدابێت پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و بزووتنـەوەی گۆڕان، کـە دوو لایـەنی سـەرەکی ناکۆکییەکان بوون، لێدوانی تووند دژی یەکدی دەدەن و پەشیمان نین لە هەنگاوەکانی رابردوویان.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کـە هۆکـار و ئەنجامـدەری پەکخسـتنی پەرلەمانـە، ئێسـتاش پێـی وایـە رێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان کارێکی هاکەزایی نەبووەو، جـەختیش لـەوە دەکەنـەوە نـەك لێـی پەشـیمان نین، بەڵکو زۆریش ئاسوودەن.

لەوانە (ئومێد خۆشناو)، **سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان** بە پێی وایـە: "رێگریکـردن لـە بەڕێز یوسف محەممەد کردارێکی عەفەوی نەبوو، بەڵکو بەرئەنجام و پەرچـەکرداری چـەند کارێـك و رێگـری لـە پلان و پیلانی بزوتنەوەی گۆڕان بـوو، کـە پێشـتر بـە چـەند قۆناخێـك هـەنگاویان بـۆ نـا، لەوانـە: لـەباربردنی یـەکریزی نیشـتمانی، تێکـدانی تـەوافوقی لایەنـەکان، جێهێشـتنی مەبـدەئی سـازان و چـوون بـەرەو زۆرینـە و کەمینە. هەروەها گۆڕان ویستی هەنگاو بنێ بـۆ ئـەوەی دامـەزراوە شـەرعییەکانی وڵات پـڕ بکـەن لـە فـەوزا و ئاشووب و پاشاگەردانی و کردنی بە بەردەرکی سەرای سلێمانی، ئەنجام بوو بەهۆی پەکخستنی".

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دەڵێت "راستە لە ناچاری ئەو کارەمان کرد و رێگەمان لـە د.یوسـفی سـەرۆکی پەرلەمان گرت نەیەتە هەولێر، بـەڵام نـەك لێـی پەشـیمان نـین، بـەڵکو زۆریـش ئاسـوودەین و رۆژان و سـاڵانی لەپێشـمانن، راسـتییەکان باشـتر دەردەخـەن و مێـژووی ئاینـدەی وڵات دەریـدەخات چ کـارێکی بەرپرسـانە و گەورەی نیشتمانی بووە".

ماوکات **فراکسیۆنی بزووتنــەوەی گــۆڕان** لـە پەرلـەمانی کوردسـتان لـە راگەیەنراوێکـدا رووداوەکـەی ١٢ی ئۆکتۆبەر جگە لە کودەتا هیچ پێناسـەیەکی دیکـە هـەڵناگرێت، داواش لـە هـەموو لایەنـە سیاسـییەکان دەدات هەوڵی رۆشنتر و جدیتر بدەن بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان.

فراکسـیۆنی گـۆڕان دەڵێـت "مێـژووی رزگـاریخوازی گـەلی کوردسـتان هـەروەك چـۆن خـاڵی پرشـنگدار و سەرکەوتنی تێدایە، ئاوهاش خاڵی نییە لە نوشوست و پەڵەی ناوخۆیی لەبیرنەکراو، بەڵام دوای راپـەڕین جگـە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم کە خـاڵی پرشـنگدارن، لـەو کاتـەوە تـاوەکو ئێسـتا، گەنـدەڵی، کـەموکورتی، پێشـێلکردنی یاسـا، نەپاراسـتنی مـافی مـرۆڤ، سـەرکوتکردنی ئازادییـەکان و ساختەکردن لە هەڵبژاردنەکان، تەواوی جومگەکانی ئەم هەرێمەیان داگیرکردووە".

فراکسیۆنی گۆڕان لە راگەیێندراوەکەدا سێ هۆکاری بۆ رێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان و دوورخستنەوەی وەزیرەکانیان لە حکومەت خستوونەتەڕوو، ئاماژەشی بە شەش هۆکار و دەرهاویشتەی خراپی ئەو کارە کردووە، وێڕای ئەوەش جەختیکردووەتەوە "ئەگەر پارتی باوەڕی بە پەرلەمان و کاری دامەزراوەکان نییە، مانای ئەوە نییە بتوانێ ئەم باوەڕەی خۆی بەسەر حیزبە سیاسییەکان و خەڵکانی دیکەدا بسەپێنێت".

بە ئاماژەدان بە قەیرانەکان بزووتنەوەی گۆڕان بارودۆخی باشووری کوردستانی روونکردووەتەوە و دەڵێت "ئێستا کە بژێوی خەڵك و مووچەکەی لە خراپترین دۆخدایە، قەیرانی سیاسی و دارایی دروستکراو بەردەوامە، کێشە و بۆشایی یاسایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بێ چارەسەر ماوەتەوەو، لەهەمان کاتدا شەڕی داعش بەرۆکی گرتووین و پێشمەرگە قارەمانەکان لە سەنگەری بەرگری و قوربانیدان، بۆیە لەپێناوی بەرز ڕاگرتنی خوێنی شەهیدان، قوربانیدانی پێشمەرگە، سەروەربوونی یاساوچاککردنی بژێوی خەڵك، ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکانیانە هەوڵی رۆشنتر و جددیتر بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەی پەرلەمان و بەگەڕخستنەوەی بدەن".

لە کاتێکدا بزوتنەوەی گۆڕان ئەم بیروڕایانە دەردەبڕێت، بەڵام هیچ میکانیزمێکی نیە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و تا ئێستا بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە هیچ بەرنامەو دەستپێشخەرییەکی کرداریی نەخستۆتە روو و داواکارییەکانی لەچوارچێوەی دروشم تێپەڕی نەکردووە.

لە بەیاننامەیەکدا لەسەر هەمان پرس، **فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان** لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاندووە "ساڵێك بەسەر گرێنەدانی دانیشتنەکانی پەرلەماندا تێپەڕ دەبێت کە بەداخەوە دوای ململانێیەکی زۆر لە سەرووبەندی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا کێشەکانی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان بە ئاستێك گەیشت، دەرئەنجام پەکخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستانی لێکەوتەوە".

فراکسیۆنی یەکێتی رایگەیاندووە "گەیشتن بەم قۆناغە لە ململانێکان بەلای ئێمەوە گێڕانەوەمانە بۆ چوارگۆشەکانی سەرەتای کاری حوکمڕانیمان و وەبیرهێنانەوەی هەموو قۆناغە ناخۆشەکانی ململانێی نێوان لایەنەکان و تەڵخکردن و تاریککردنی ئەو ئەزموونەی حوکمی دیموکراتیمانە کە مایەی شانازی هەموو لایەکمان بووە".

لە بەیاننامەکەی فراکسیۆنی یەکێتی هاتووە" هەنگاوەکانمان بەرەو پتەوکردنی بنەماکانی کاری مەدەنیانە و چەسپاندنی دیموکراسییەت شکستدەهێنیت و لە ناوخۆی هەرێم ئایندەی دیموکراسی و دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵات و چاودێرییەکانی پەرلەمان بۆ حکومەت تەواو نادیار بووە". سەبارەت بە کاریگەری نێودەوڵەتی، فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێت "لە ئاستی دەرەوەش شۆکی گەورە و پاشەکشەی خێرای بە مێژووی جوان و حوکمرانی دروستی ئەزموونە کەم تەمەنەکەمان کردووە".

فراكسيۆنی يەكێتی ئاماژە بەوەش دەكات "دوای ساڵێك لەم رۆژە نەگريس و تاڵە ئاسۆيەكی روون و هەوڵی جدی و خێرا بۆ چارەسەرو بنەبڕ كردنی كێشەكان نابينين، ئەگەرچی (ی.ن.ك) لەسەرەتای كێشەكانەوە تاوەكو ئێستا لە هەوڵی هێوركردنەوەی دۆخەكە و كۆتاييهێنان بە كێشەكان بووە بەڵام، ئەم بابەتە درێژەی كێشا و چارە نەكرا، خەڵك ماندوو بووە و كۆتايی بە نەهامەتيەكان نەهات، مەترسييەكان زۆر بوون و هەستكردنی لايەنە سياسيەكان بە بەرپرسيارێتی نيشتمانی تەواو لاواز بووە".

فراكسيۆنی يەكێتی راشيگەياندووە "داوا لە هەموو لايەنەكان دەكەين دانوستانی راستەقينە بە شەن و كەوكردنی گرفتەكان و دۆزينەوەی چارەسەری بنەڕەتی بۆ دۆخی نالەباری خەڵك و فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم دەستپێبكەن و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەكەمان و ئەزموون و دۆخی هەستياری هەرێمەكەمان لە سەروی تايبەتمەندييە حزبييەكانەوە سەير بكەين و پرۆسەی سياسی و حوكمڕانی لەم چەقبەستووييە رزگاربكەن".

ئەم دەربڕينانەی فراكسيۆنی يەكێتی دروشمی واقيعی و جوان و لەجێن، بەڵام پرسيارێك دێتە كايەوە، ئاخۆ ئەم دروشم و راگەياندنانەی فراكسيۆنەكە لەگەڵ هەڵوێست و هەنگاوەكانی سەركردايەتی و مەكتەبی سياسی خودی حزبەكە وێك دێتەوە؟ كامانەن هەنگاوە كردارييەكانی يەكێتی نيشتمانيی كوردستان بۆ كاراكردنەوەی پەرلەمان؟ ئايا هەنگاوی بە كرداريان ناوە يان ئەوانيش ملكەچی ئەو واقيعەن كە سەپێنراوەو هاوتەريب بە بێدەنگی لەگەڵيا رێدەكەن؟

ئەبوبەكر هەڵەدنی، **سەرۆكی فراكسيۆنی يەكگرتووی ئيسلامی** لە پەرلەمانی كوردستان رايگەياند "هيچ پاساوێك نييە بۆ دواخستنی ئەو دۆخە و غيابی پەرلەمان كاريگەری زۆری لەسەر دۆخەكە هەيە".

سەرۆكی فراكسيۆنی يەكگرتووی ئيسلامی ئاماژەی بەوەشكرد، وەك فراكسيۆنی يەكگرتوو داوا لە هەموو فراكسيۆنەكانی نێو پەرلەمانی كوردستان دەكەن، بەشدار و هاوكاربن بۆ ئەوەی پەرلەمانی كوردستان كارابكەنەوە و كۆبوونەوەی تێدا بكەن لە هەولێر.

ئەبوبەكر هەڵەدنی گوتيشی "غيابی پەرلەمانی كوردستان و پەككستنی كاريگەری زۆر خراپی هەيە لەسەر دۆخی ئێستای كوردستان. دەبوو ئێستا پەرلەمانی كوردستان لە وەرزی نوێی ياسادانان بوايە و لەگەڵ حكومەت كاريان بكردايە بۆ دۆزينەوە چارەسەرێك بۆ قەيرانەكانی ئێستای هەرێمی كوردستان".

هەروەها سەرۆكی فراكسيۆنی يەكگرتوو گوتی "ئێمە لەگە بەشێك لە پەرلەمانتاران و فراكسيۆنەكان و سەرۆكی پەرلەمانيش ئەو بابەتەمان باسكردووە، كە رێپێوان بكەين بەرەو هەولێر بۆ ئەوەی كاراكردن و دانيشتنەكانی پەرلەمان بكەينە ئەمری واقيع و نابێت دەزگايەكی شەرعی وەكو پەرلەمانی كوردستان بە پەكخراوەيی بمێنيتەوە، چونكە كاريگەری دەبێت لەسەر سومعەی هەرێمی كوردستان".

ئەگەر لە وتەکانی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو ورد بینەوە پەرۆشی و جدییەتی پێوە دیارە، بەڵام هەمان پرسیار بۆ ناوبراویش رەوایە کە ئایا ئەم وتانەی تا چەند رەنگدانەوەی سیاسەتی یەکگرتووە لە مەیدانی پراکتیکدا؟ ئایا بەراستی یەکگرتوو وەك حزب گوێ لەو لێدوان و داواکاریانەی فراکسیۆن و سەرۆکەکەی دەگرێت لەپێناو کاراکردنەوەی پەرلەمان؟ بێگومان بەکردار ئەمە نەبینراوەو یەکگرتووش جگە لە رێکردنێکی هیمنانە لەگەڵ ئەو رەوتەی بەرێوە دەچێت هەنگاوێکی تری نەناوە.

لە هەمان ساڵیادا **فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان** لە پەرلەمانی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند "ئەوەی ئەنجامدرا لەسەر پەرلەمان کودەتا بوو بەسەر شەرعیەتی دەنگی گەلدا".

فراکسیۆتی کۆمەڵ راشیگەیاندووە "پاش تێپەربوونی ساڵێك بەسەر پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان لەلایە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەهێزی چەکداری حزبی، لەسەر پرسی یاسایی کۆتاییهاتنی ویلایەتی درێژکراوەی سەرۆکی هەرێم مەرگەساتی حوکمڕانی بەدواداهات، ئەوەی ئەنجامدرا لەسەر پەرلەمان کودەتا بوو بەسەر شەرعیەتی دەنگی گەلدا. بەڵام بەداخەوە دۆخی خەڵك و موچەخۆران بەرەو خراپتر دەڕوات لەسایەی حکومەتێکی ناشەفاف و گەندەڵدا".

ئەم دروشم و بەیاننامەی کۆمەڵی ئیسلامی راستیی تیادایە، بەڵام هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامی چی جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ حزبەکانی تردا؟ کامەیە دەستپێشخەریەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان؟ جگە لە دروشمی سۆزداری بۆ جولاندنی هەستی خەڵك!؟

فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لەبەیاننامەو دروشم و لێدوانەکانیاندا جەخت لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکەن و بێگومان سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانیش ئەم خواستەیان هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت هەڵوێستی ئەندامان و فراکسیۆنەکان لەگەڵ هەڵوێستی کرداریی حزبەکانیاندا یەك ناگرێتەوەو جدییەتێك بۆ هەمان مەبەست لەلایەن بڕیاربەدەستی حزبەکانیانەوە نابینرێت، ئەمەو سەرباری ناڕوونی و ناشەفافی رێکەوتنی هێز و لایەنە سیاسیەکان، لەکاتێکدا هەموو ئەو رێکەوتنانە تەنها پەیوەندیان بە ژیانی حزبیی خۆیانەوە نیە، بەلکو پەیوەندیان بەجۆری بەرێوەبردنی حوکمڕانی و ژیانی هاوڵاتیانەوەیە کە ئەم رێکەوتنانە بوونەتە مایەی گومان و نەبوونی متمانە لەنێوان ئەم هێزانەو هاوڵاتیان. چونکە ئەگەر حزبە سیاسیەکان راستگۆ بوونایە لەگەڵ دروشم و بەڵێنەکانیان و هەنگاویان بۆ بنانایەو هەر یەکەیان لەخەمی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان و خەمی گوزەرانی خەڵك و داهاتووی ئەزمونەکە بوونایە، لە بەشێك لە داواکارییەکانیان دەهاتنە خوارەوەو چارەی ئەو قەیران و کێشانەیان دەکرد و ئێستا پەرلەمانیش کارا کرابوویەوە.

لە بۆشایی نەبوونی پەرلەماندا، حکومەت کۆمەڵێك هەنگاوی نایاسایی ناوە، دەسکاری موچەو دەرماڵەی فەرمانبەرانی کردوە کە بەیاسا رێکخراوەو بە یاساش دەبێت لە پەرلەماندا دەسکاری بکرێت، بەڵام حکومەت لای خۆیەوە بەنایاسایی کەمی کردۆتەوە، باجێکی زۆری لەسەر هاوڵاتیان زیاد کردووە، قەرزێکی بێ شوماری

دەرەکی و ناوەکی کردووەو لەسەری کەڵەکە بووە و ئیمزای چەند گرێبەستێکی گوماناوی نەوت و گازی کردووە، و هەندێك مادەو برگەی چەند یاسایەکی راگرتووەو کاری پێ ناکات، هەروەها چوار وەزیری بەزۆر دوور خستۆتەوەو دوو وەزیریشی دەستیان لەکار کێشاوەتەوە بێ ئەوەی لە پەرلەمان قسەو هەڵوێستێکی لەسەر دەربېڕدرێت کە بەهۆی پەکخستنیەوە دەرگای هۆڵی کۆبوونەوەکانی داخراوە، ئەمانە هەموویان کاری نایاسایین کە لە غیابی پەرلەماندا حکومەت کردوونی.

زەرەرمەندی یەکەم لە بەرێوەچوونی ئەم رەوشەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، ئینجا ئەزمونە سیاسیەکەو پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێم، کە بەهۆیەوە دام و دەزگا شەرعی و یاساییەکان لەکار کەوتوون و یاسا جێبەجێ ناکرێت و بوون بە بارگرانی بەسەر شانی خەڵکەوە.

هەروەها زەرەر مەندێکی تر خودی ئەندامانی پەرلەمانن، کە بەناو ئەندامی پەرلەمانن بەڵام لەدەرەوەی ئیرادەی ئەواندا پەرلەمان پەکخراوەو رێگەیان پێ نادرێت بەئەرکەکانی سەر شانی خۆیان هەڵسن و لەلایەن خەلکەوە رەخنەی زۆریان ئاراستە دەکرێت بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی ئەوانی تیادابێت. بەڵام بۆ دەرباز بوون لەم رەوشەو لابردنی ئۆباڵی ئەو لێپرسراویەتیە لەسەر شانیان و دۆزینەوەی رێگە چارەیەکیش، ئەندانانی پەرلەمان وا باشترە بۆخۆیان و بۆ بەرژەوەندی خەڵکیش، کە (٥٦) ئەندامی پەرلەمان دەست لەکار بکێشنەوەو ئەو کاتە ئۆتۆماتیکی بەبێ ئەوەی پێویستی بە کۆبوونەوە هەبێت (کە رێگە لە کۆبوونەوەی گیراوە) پەرلەمان (سقوط) دەکات و هەڵدەوەشێتەوە. ئەو کاتە بە ناچاری دەبێت هەڵبژاردنی پەرلەمان بکرێتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بە مەرسومی سەرۆکی هەرێم هەبێت (کە لە رووی یاساییەوە ماوەکەی بەسەر چووە)، چونکە ئەوکاتە حزبەکان بەهۆی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامەکانیان و سقوتی پەرلەمانەوە بەرەو هەڵبژاردن دەچن نەك دەرچوونی مەرسوم لەلایەن سەرۆکەوە، ئەمەش ئەو گرێیە دەکاتەوە کە حزبە سیاسیەکان بەهۆی بەسەرچوونی ماوەی سەرۆکایەتی لایان دروستبووە.

بەمەش ئەندامانی پەرلەمان هەم بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەك لەم بارودۆخە دژوارە شانازیەك بۆخۆیان تۆمار دەکەن و هەم گلەیی خەڵکیش لەسەر خۆیان لادەدەن کە بەهۆی هەڵوێستی ناجۆری حزبەکانیانەوە رووبەروویان بۆتەوە.

## ئه نجام

١–پرسی سەرۆکایەتی هەرێم کە هۆکاری سـەرەکیی قەیرانـەکانی هەرێمـەو تـا ئێسـتا بـە هەلپەسـێردراوی ماوەتەوە.

٢–پەرلەمان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پەکی خراوە، چوار حزبەکـەی تـریش خەمسـاردن لـە کاراکردنەوەی و هەنگاوی عەمەلیان نەناوە.

٣–هەڵوێستی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان لە رووی کردارییـەوە جیـاوازە لـە هەڵوێسـتی حزبـەکانیان، ئەنـدامانی پەرلـەمان خوازیـاری کاراکردنـەوەی پەرلـەمانن، بـەڵام ئـەم جدییەتـە لـە هەڵوێسـتی حزبەکانیاندا نابینرێت.

٤– پەرلەمانی کوردستان بەهۆی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمەوە لە رووی یاساییەوە پـەکی کـەوتووە، هـەر بۆیـە ئەگـەر کـۆش ببێتـەوە ناتوانێـت هـیچ یاسـایەك دەربکـات. وە ناتوانێـت لێپێچـینەوە لـە دەسـەلاتی جێبەجێکردن بکات، و وێرای قەیرانی دارایی چوار ساڵە نەیتوانیوە بودجەی هەرێم پەسەند بکات.

٥– پەکخستنی پەرلەمان بۆتە هۆی پاشەکشەی دیموکراسیەت و شەرعیەتی یاسایی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

٦– پەکخستنی پەرلەمان بۆتـە هـۆی بـێ متمانـەیی خـەلك بـە پەرلـەمان وەك بـاڵاترین دەزگـای هـەرێم و باوەڕی نەمان بە دەنگدان و هەڵبژاردن.

٧–پەکخستنی پەرلەمان کاریگەریی نـەرێنی و خراپـی لەسـەر دامودەزگـاو دامـەزراوە فەرمیـەکانی تـریش کردووە، بۆ نمونە وەك دەستەکانی (مـافی مـرۆڤ) و (دیـوانی چـاودێری) و (دەسـتەی نەزاهـە) و (کۆمسـیۆنی هەڵبژاردن) و ئیش و کارەکانی ئەوانیش زۆربەی وەستاوەو وەك پێویست بەڕێوە ناچێت.

٨–نە پەرلـەمان و نـە ئـەو دەسـتانەی بەحیسـاب سـەربەخۆن، هـیچ کامیـان سـەربەخۆیی داراییـان نیـە، هەرچەندە بـەپێی یاسـاکان سـەربەخۆن لـەم رووەوە، بـەڵام لـەرووی پراکتیکیـەوە هـەموو ئـەو دەسـتانە بـە پەرلەمانیشەوە چاو لە دەستی وەزارەتی داراین ئەگەر موچـەیان پێبـدات یـاخود برێکـی کـەم بودجـەیان بـۆ دیاری بکات.

٩–پەکخستنی پەرلەمان بۆتە هۆی ئەوەی کە کاری نایاسایی بکرێت لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنـەوەو کەلێن و بۆشایی یاسایی لە هەندێ بواردا دروست بێت.

١٠– لیژنەکانی پەرلـەمان لـەماوەی ئـەم خـولی گرێدانـەدا هـیچ بەدواداچـوون و کۆبوونەوەیـەکی ئـەوتۆیان نەکردووەو راپۆرتیان لەسەر پرۆژەیاساکانیش نەنوسیوەو بە ئەرکی خۆیان هەڵنەساون. ئەمـەش دەرەنجـامی پەککەوتنی پەرلەمانە، چونکە کـە پەرلـەمان وەك دامـەزراوە بـوونی نـەبێت لیژنـەکانیش ئۆتۆمـاتیکی بونیـان نابێت.

١١- پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت یەکێك لە هۆکاری قەیرانەکانە، لەکاتێکدا سندوقی داهاتە نەوتیەکان کە یاساکەی لە پەرلەمان پەسەندکراوە، بەڵام پێکهێنانی ئەنجومەنەکەی و متمانەدان بە ئەندامەکانی لە پەرلەمان پەکخراوەو هۆکاری دەستنیشان نەکردنی ئەندامەکانیش لەوکاتەدا ململانێی حزبە سیاسیەکان بوو لەسەر پشکیان لەو ئەنجومەنەدا.

١٢- نادیدەگرتن و پشتگوێ خستنی رۆڵی پەرلەمان لەلایەن حزبەسیاسیەکانەوە، کە حیساب بۆ بڕیار و را و راسپاردەکانی نەکراوە. بەهۆی ئەمەوە ئەندامانی پەرلەمانیش هیچ ئیرادەیەکی کارکردنیان نامێنێت و دەسەڵاتێکیان نابێت.

١٣- جێبەجێ نەکردنی یاساو بڕیار و راسپاردەکانی پەرلەمان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە.

١٤- بونی قەیران گەلێك لە هەرێم، وەستانی پرۆسەی سیاسی، پەککەوتنی دامودەزگا شەرعیەکان، پەکخستنی پەرلەمان، بۆشایی یاسایی سەرۆکایەتی هەرێم، هەنگاونانی نایاسایی حکومەت و لەیاسا دەرچوون، قەیرانی دارایی و خراپی گوزەرانی هاوولاتیان و بێ موچەیی، و ناشەفافی داهات بەتایبەت نەوت و گاز و بون و کەڵەکە بوونی قەرزێکی زۆر بەسەر شانی هەرێمەوە، نیشانەی بێباکی هێزە سیاسیە سەرەکیەکان و بێبەرنامەییان و دەستەوەستانیانە لەئاست ئەم هەموو گرفت و قەیرانەدا.

## راسپاردەکان

١–پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هەڵەی ساڵێك لەمەوبەر بە بڕیارێك کردیان، ڕاستی بکەنـەوە. چونکە لە دوای ساڵێك و نیوێك هیچ پاساوێك نەماوە بۆ هێشتنەوەی پەرلەمان بەم دۆخەی ئێستای.

٢–بزوتنـــەوەی گـــۆڕان لـــەپێناو بەرژەوەنـــدی بـــاڵای نیشـــتمان و لابـــردن و ڕەوینـــەوەی ئـــەم قەیرانـــە دروستکراوەدا، بڕێك لە میچی داواکارییەکانی دابەزێت و هەنگاو بۆ ڕێکەوتن بنێت، چونکە لە دواجاردا ئـەویش بەرپرسیاریەتی ئەو بارە قورسەی دەکەوێتە سەر شان کە لەسەر خەلك دروستبووە.

٣–یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵوێستی جدی و دیـاری خـۆی ڕاگەیـەنێت و بـە قورسـایی خـۆی بچـێتە مەیدانەوە، نەك هەر ڕۆژەو هەڵوێستێك دەربڕێت، چونکە ئەگەر یەکێتی بەڕاستی بیەوێت و بەڵێنـەکانی خـۆی جێبەجێ بکات کاریگەریی دەبێت.

٤–یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی هەڵوێستی ڕوونی خۆیان دربـڕن، گـوێ لـە فراکسـیۆنەکانیان بگرن، نەك هەر یەکە هەر ڕۆژێك خۆیان بەلایەکدا بدەن و واز لە بەرژەوەندی بچوکی حزبی بێنن.

٥– ئەگەر هیچ هەولێك ئەنجامی نەبوو پێش کۆتایی هاتنی وادەی پەرلەمان، ئەنـدامانی پەرلـەمان دەسـت لەکار بکێشنەوەو لە ڕووەی یاساییەوە (سقوط) بە پەرلەمان بکەن و بەناچاری هەڵبـژاردنی پەرلـەمان ئـەنجام بدرێتەوە.

٦–هێزە سیاسیەکان ئاشتبوونەوەیەکی گشتی ڕابگەیەنن و چارەسەری ناکۆکیە سیاسیەکانیان بکەن.

٧–حکومـەتێکی هاوبەشـی ڕزگـاری نیشـتیمانی پێـك بێـت باشـترە لـەوەی بـەم جـۆرە کـارا بێتـەوە یـان شەرعیەت لە دەست بدات.

٨–ئەم حکومەتەی پێکدێت بۆ دەربـازبوون لـەم قەیرانـە سـەختە، پەیوەندییـەکانی ڕێکبخاتـەوە، هـەوڵی چارەسەری قەیرانی دارایی بدات و موچە و بژێوی خەلك تا ئاستێك چاك بکات. شەفاف بێت لە پرۆسەی نەوت و داهاتەکاندا.

٩–هێزە سیاسیەکان بسازێن لەسەر ڕەشنوسی دەستور و پرۆژەیەکی دەستور ئامادە بکەن و بە زووتـرین کات هەرێمی کوردستان لە گێژاوی بێ دەستورییە دەرباز بکەن و دادگایەکی دەستوریش پێك بهێنن.

١٠–دووای نانی ئەم هەنگاوانە، دوای ئاشتبوونەوەی هێزە سیاسیەکان، ئاشتبوونەوەی خەڵك و دەسەڵات، یەکخستنەوەی ناو ماڵی کوردستان، هەموو لایەنەکان بەیەکەوە، حزبـەکان و خـەڵك بەیەکـەوەو یـەك دەسـت، پرۆسەی ریفراندۆم لەپێناو چارەنوسی خەڵکی کوردستان ئەنجام بـدرێت و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی هەرێمیش بگرێتەوە و خەڵکی کوردستان چ بڕیارێکی دا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## پاشکۆ (١)

## پوختەی کاری پەرلەمان لە لە سەرەتای دەست بەکار بوونیەوە تا ئێستا

**( ٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٧/٢/٢٨ )**

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
| --- | --- | --- |
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٧١ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٢٠٠ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێکراو | ١١٧ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٨٣ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەسەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە | ١٥٥ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ١٨ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٧ |
| ٨ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٣٢ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ١٣ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان، بەڵام ئامادە نەبوون | ١٩ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٢ |
| ١٢ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٣ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٤٠٢ |
| ١٤ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لەسەرەتای دەست بەکار بوونی پەرلەمانەوە تا ئێستا | ١٢١ |
| ١٥ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا کە نەنوسراوە | ٢٤٤ |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٤٤٣ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٣١١ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ١٣٢ |
| ١٩ | ژمارەی ئامادە نەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان | ٩٧٠ |

## پاشکۆ (٢)

## نوسراوی ئینستتیوتی پەی کە ئاراستەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان کراوە بەمەبەستی داواکردنی زانیاری

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئینستتیوتی پەی
بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ژمارە: ١٥٥
مێژوو: ٢٠١٦/١٢/٨

**بۆ بەڕێز/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ داواکردنی زانیاری**

پاش سڵاو و ڕێز...
بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەبەر ڕۆشنای کۆبوونەوەی (٢٠١٦/١٢/٤) لەگەڵ بەڕێزان، داواکارین ڕەزامەندی بفەرموون بۆ پێدانی ئەم زانیارییەنی لەم نوسراوەدا هاوپێچ کراوە، بەمەبەستی زیاتر گەشەپێدان بەراپۆرتەکانی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان، هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پەرۆشیە بۆ پرۆسەی شەفافیەت و چاودێری دام و دەزگاشتیەکان.

**هاوپێچ :**

١. فۆرمێکی لەسەر زانیارییەکانی لیژنەکان لەسەرەتای خولی چوارەوە
٢. پێدانی کۆپییەک لە راپۆرت و بەدواداچوونی ئەندامان و لیژنەکان لە (٢٠١٦/٩/١) بە دواوە .
٣. کۆپییەک لە سەرجەم ئەو پرۆژە یاسایانەی لەخولی چواردا ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون.
٤. کۆپییەک لە پرسیاری ئەندامان کە لەخولی چواردا ئاراستەی حکومەت کراوە .

لەگەڵ ڕیزدا....

PAY INSTITUTE
For Education & Development

د.سەروەر عبدالرحمن عمر
سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ناونیشان/ سلێمانی – شەقامی سالم / تەلاری ئوارا- بەرامبەر پردی خسرەو خاڵ- تەلەفون ٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦ -٠٧٧٠١٤٦٥٧٢٢ ئیمەیل payinstitute@gmail.com

## پاشكۆ (٣)

## نوسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوانی پەرلەمان کە ئاراستەی ئینستتیوتی پەی کراوە و ئامادەنین ئەو زانیاریانەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی دابوو پێمان بدات

Kurdistan Parliament-Iraq
General Directorate of Divan
Directorate of Administration and Personnel Affairs
NO:
Date:

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ژمارە: ٥/ ٥/ ١٤٣
بەروار: ٢٩/ ١١/ ٢٠١٧

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
ئارده
ژمارە: ...........
رۆژ: / / ٢٠١

بۆ/ ئینستتیوتی پەی
بابەت/ وەڵام

نووسراوتان ژمارە (١٥٥) لە ٢٠١٦/١٢/٨

پاش كۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلـەمان و بەڕێوەبەرایـەتی كاروبـاری پەرلـەمان و لیژنەكان، بۆ گفتوگۆكردن سەبارەت بەو داواكاریانەی كە لە نووسراوی سەرەوە ئاماژەی پێكراوە، بە بـەڕێزتان ڕادەگەیـەنین كـە ڕەزامەنـدی لەسـەر داواكـاری خـاڵی یەكـەم لـە نووسـراوتان دراوە و سەبارەت بە خاڵی (٤،٣،٢) ڕەزامەندی نەدراوە، بۆ ئاگاداریتان .

لەگەڵ ڕێزدا

هیوا نصرالدین مصطفی
یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دیوان

وێنەیەك بۆ/
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان.
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان.
- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری كارگێری و خۆیەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری پەرلەمان.

ن/شەم
ج/محمد صلاح

پەرلەمانی كوردستان/ كوردستان- هەولێر /شەقامی شەست مەتری ت/ ٠٦٦٢٢٢٠٨٠٠- ٠٦٦٢٢٤٠٢٤٠ www.perleman.org

## پاشكۆ (٤)

## نوسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوانی پەرلەمان کە ئاراستەی ئینستتیوتی پەی کراوە و ئامادەنین هیچ کام لەو زانیاریانەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی دابوو پێمان بدات

Kurdistan Parliament - Iraq
General Directorate of Divan

NO:
Date:



پەرلەمانی کوردستان – عێراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

ژمارە: ٤٥٢/ ٤/ ٤
بەروار: ٢٠١٧/ ٢/ ٢٧

بۆ/ ئینستتیوتی پەی
ب/وەرگرتنی زانیاری

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
نارده
ژمارە: ..........
رۆژ: / / ٢٠١

دوا بە دوای نووسراوتان ژمارە /١٥٥ لە ٢٠١٦/١٢/٨ وە نووسراومان ژمارە /١٤٣ لە ٢٠١٧/١/٢٤ وە دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە ئامادە بوونی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لێژنەکان وە بەڕێوەبەری بەشی کاروباری لیژنەکان بە ڕێکخراوە بەڕێزەکەتان رادەگەیەنین کە وەرگرتنی هەر زانیاریەك لە رێگای سایتی پەرلەمانەوە دەبێت پالپشت بە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە ماف هیچ لایەنێکی دەرەکی نادات کە وەك چاودێر کار بکات لە سەر کاروچالاکی و کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان، بفەرموون بۆ ئاگاداریتان.

لەگەڵ رێزدا.


هیوا نصرالدين مصطفى
یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دیوان

**وێنەیەك بۆ/**

- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان.
- گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان.
- گشت لیژنە هەمیشیەکانی پەرلەمانی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان.

ج/ سروه

www.perleman.org ت/ ٠٦٦٢٢٢٠٨٠٠ - ٠٦٦٢٢٣٠٢٤٢ - پەرلەمانی کوردستان/ کوردستان- هەولێر /شەقامی شەست مەتری


پێشێلکاریی یاسایی و
پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان
ڕاپۆرتی چوارەم


چاودێریی و هەڵسەنگاندنی
کارەکانی پەرلەمانی کوردستان
ڕاپۆرتی سێیەم


چاودێریی و هەڵسەنگاندنی
کارەکانی پەرلەمانی کوردستان
ڕاپۆرتی دووەم



2014
PAY INSTITUTE
For Education & Development
پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان
2014/11/6 - 2013/11/6


الخروقات القانونية
حيال برلمان كوردستان و تعطيله


مراقبة وتقييم
اعمال البرلمان الكوردستاني
التقرير الثالث


مراقبة وتقييم
اعمال البرلمان الكوردستاني
التقرير الثاني


چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی
پەرلەمانی کوردستان
ڕاپۆرتی پێنجەم


Legal Breaches
of the Kurdistan Parliament
and its Paralysis
The Fourth Report
Fourth parliamentary term - third session
(September 1st to October 31st 2015)


National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world
Monitoring and Evaluation
For The Kurdistan Parliament
Fourth Parliamentary Term - Second Session
(September 1st, 2015 - February 29, 2016)
The Fifth Report


مراقبة وتقييم أعمال
البرلمان الكوردستاني
الدورة البرلمانية الرابعة - دورة انعقاد السنة الثانية
التقرير الخامس


Monitoring and Evaluation
For The Kurdistan Parliament
Fourth parliamentary Term - Third Session
(March 1, 2016 - August 31, 2016)
The Sixth Report


مراقبة وتقييم أعمال
البرلمان الكوردستاني
الدورة البرلمانية الرابعة - دورة انعقاد السنة الثالثة
(١ آذار ٢٠١٦ الى ٣١ آب ٢٠١٦)
التقرير السادس


چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی
پەرلەمانی کوردستان
خولی چوارەمی پەرلەمان - خولی گرێدانی ساڵی سێیەم
(١ی ئازار ٢٠١٦ تا ٣١ ی ئابی ٢٠١٦)
ڕاپۆرتی شەشەم

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

## کورتەیەك لەسەر ئینستتیوت:

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، لە (٢٠١٣/١١/٢٦) لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، (ئینستتیوتێکی زانستی کوردستانی، ناحکومیی سەربەخۆی قازانج نەویستە، بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەواییەکی پێگەیشتوو لەهەموو بوارو ئاستەکاندا. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی دروست بکات بۆباشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیا جیا کانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێك بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵەمە دەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لەهەرێمی کوردستان.

## ئەو پرنسیپ و بەهایانەی ئینستتویت پێوە پابەندە :

١.پابەندبوون بە پەیماننامە و رێککەوتننامە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ.

٢. پابەندبوون بەدیموکراسی و رێزگرتن لەسەروەریی یاسا.

٣. گەشەدان بەکاری خۆبەخشی و خێرخوازی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.

٤. پەیوەست بوون بەبێلایەنی، شەفافیەت، سەربەخۆیی، و جیاوازی نەکردنی رەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی.

٥. پاراستنی باڵانسی جێندەری،و پاراستنی تایبەتمەندی و نهێنییە کەسییەکان.

## کورتەیەك لەسەر پرۆژەکانی ئینستتیوت:

### ١.(پرۆژەی شەراکەتی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان جێبەجێکرا، هەوڵێك بوو بۆ پیادەکردنی بریاری ژمارەی (٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پەرلەمانی کوردستان لەسەر (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان) ئەم پرۆژەیە لە (٤ وۆرك شۆپ +کۆبوونەوە لەگەڵا ئەنجومەنی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان+ کۆنفرانسێکی ٢ رۆژە) پێکهاتبوو.

### ٢. (پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان):

چاودێری کارەکان و هەڵسەنگاندنی ئەدای پەرلەمانی کوردستان یەکێکە لەپرۆژەکانی چاودێری پەی، ئەم پرۆژەیە لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە دەستی بەرکارەکانی کردووە، شەش مانگ جارێك راپۆرتێك بڵاودەکاتەوە، تا ئێستا (٥) راپۆرتی بڵاوکردۆتەوە.لە ئێستادا پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان بەهاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)بەردەوامە لەکارەکانی .

### ٣. (ورك شۆپی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لەهەرێمی کوردستان :

ئەم پرۆژەیە وۆرك شۆپێکی هاوبەشی نێوان هەردوو رێکخراوی (هاوبەندی نێودەوڵەتی بۆ بەها مرۆڤایەتیەکان و ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) بوو لەسەر کەم کردنەوەی دیاردەی واز هێنان لەخوێندن لەهەرێمی کوردستان کە لە رۆژانی (١٨- ١٩ /٢٠١٤/٦) لە هەولێر بە ئامادەبوونی (١٢٠) کەس لە نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن بەسترا.

### ٤. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە :

چاودێری کارەکانی وەزارەتی پەروەردە یەکێکە لەپرۆژەکانی چاودێری پەی، یەکەم راپۆرتی ئەم پرۆژەیە لە (٢٥ حوزەیرانی ٢٠١٤) بە میوانداری وەزیری پەروەردە وئامادەبوونی (٦٠) مامۆستاو سەرپەرشتیار و پسپۆری پەروەردەیی، راپۆرتەکە پێشکەش کرا،لەدانیشتنەکەدا وەزیری پەروەردە بریاردریدا بەدواداچوون بکات بۆ ئەو خاڵانەی ئەنستتیۆتی پەی ئاماژەی پێ کردووە و داواشی کرد ماوەیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی کار لەسەر راسپاردەکانی ناو راپۆرتەکە بکەن.

### ٥. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا :

چاودێری کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا یەکێکە لەپرۆژەکانی چاودێری ئەنستتیۆتی پەی، یەکەم راپۆرتی ئەم پرۆژەیە لە (٢٢تموز ٢٠١٤) بە میوانداری وەزیری خوێندنی باڵا و ئامادەبوونی (٨٠)کەس لە سەرۆك و مامۆستایانی زانکۆکان و نوێنەری رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندنراپۆرتەکە پێشکەش کرا، لەدانیشتنەکەدا وەزیری خوێندنی بالا بریاریدا راپۆرتەکە بنێردرێت بۆ سەرجەم زانکۆکان بۆ ناردنی راو پێشنیاریان لەسەر راپۆرتەکە و کیشەکانی خوێندنی باڵا و بەڵێنی بەدواداچونی راسپاردەکانیشیدا .